چل حدیثی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم

یا

چل چرای ئیسلام

تألیف

ملا عبدالکریم

مدرسی مزگەوتی حاجی خان لە سولەیمانی

لەسەر ئەرکی دانەر لە چاپ دراوە

حەقی لە چاپدانەوەی بۆ دانەرە

١٣٧٣ هـ - ١٩٥٤ م

چاپخانەی مەعارف * بەغدا

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله العليم الخلاق ، والصلاة والسلام على سيدنا محمد المتمم لمكارم الاخلاق ، وعلى آله وصحبه وكل من جاهد لنصر الدين والاتفاق .

لەپاش پیش کەش کردنی (حمد و ثنا وصلاة وسلام) عەرزم ئەمەیە ، لەبەرئەمە کە حەزرەتی محمد ﷺ فەرمویەتی : هەر موسولمانی چل حدیث لە حدیثەکانی من لەبەرکا وە بیگەیێنی بە موسولمانان، شەفاعەتی بوئەکەم لە قیامەتدا ، وە دوبارە فەرمویەتی : خوای گەورە ناردومی بوئەوەی خورەوشتی جوان لە دنیادا تەواو بکەم ، چل حدیثم لە حدیثەکانی خورەوشت هەلبژارد و بەپێی ری‌وشوێن معنام بیان کردن ، وە تەسلیم دان ، وە لەبەرئەوەی کە مەولانای جامی ـ خوا لێی خوش بی ـ لەسەر هەر حدیثی لەوانە ، دو شعری فارسی داناوە ، منیش دووبارە دو شعرم بە زوبانی کوردی نوسی ، تا مندالانی موسولمان ، لەبەریان بکەن ، وە دل‌یان بە نوری معنای ئەو حدیثانە روناك ببیتەوە ، وە ئەم دەفتەرە موبارەکەم ناونایە (چل حدیثی پیغەمبەر ﷺ) یا (چل چرای اسلام) وعلى الله التوكل وبه الاعتصام .

حدیثی یەکەم

(خير الناس انفعهم للناس)

یعنی : چاکترینی ئادەمیزاد کەسیکە قازانجی زورتربی بوئادەمی‌زاد

بزانن : وەسیلەی قازانج گەیاندن بە ئادەمیزاد جوارشتە ، یەکەم لەش ، پیویستە انسانی موسولمان هەر خزمەتیکی بو بکو نجی بەلەشی خوی لەگەل موسولمان بیکا ، وەکو خزمەت و دەرمان کردنی نەخوش،

دەس گرتنی کوێر ، شارەزایی کردنی غریب ، آوونانـ هاوردن بو هاوزری . دوهەم نفوذە، یعنی دە سەلات ، پیویستە لەسەر إنسان مادام پیاوێکی قمەرەوا و بە حورمەت بو هەول بدابە و شرف و حورمەتی خویە قازانج بگەیینی بە موسولمانان ئـەگەر مظلومیک هاواری بو هاورد ، هەول بدا رزگاری بکا ، ئەگەر مستحق وەظیفەیەک تشبثی پی کرد ، اهتمام بکا لەسەر ئەو وەظیفەیەدای بەزرینی ، ئەگەر کاسبیکی بیدەس مایە پەنای پیهینا ، لەلای کەسیکی دەولەمەند دەس مایەی بو وەرگری ، هەروەها ... سەهەم مالە ، پیویستە انسان مادام حەروەتی هەبو ، پیەەکی هەرحقیکی شرعی لەسەرە ، بیدا بە مستحقان ، لەپاش ئەوە هەر محتاجیکی بەر چاوکەوت بەگویرەی توانای خوی مالی بو صرف بکا ، داخلی ئەمەیە ، صلەی رەحم و بخشش بە قوم و خویش ، چاکە لەگەل دراوسی ، سەرپەرەشتی هەتیوان ، جیگە کردنەوەی غەریبان ، حورمەت گرتنی میوان ، درووست کردنی مزگەوت و قوتابخانە و پرد و خـەستەخانە ... چوارەم علمە ، پیویستە هەرکەس علمیکی دینی یا دنیایی بو ، بەبی دریغ و تقصیر نشانی بدا بە موسولمانان. بە تایبەتی بەوانە کە اهلی استعدادن ، دەرەجەوروتبەی ئادەمیزاد لای خوای گەورە بەپیی زوری قازانجیەتی. لەم بابەتانەوە کە بەیانمان کرد .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ایکە پرسی کە بهترین کس کیست
گویم ازقول بهترین کسان
بهترین کس کسی بود کە زخلق
بیش باشد بە خلق نفع رسان

منیش نوسیومە !

گەر ئەپرسی لەچاترینی بشر
کێیەلەم عالەما ، بەنصی خبر
چاترینی بشر کەسیکە کەوا
نفعی زورتر بدا بەنوعی بشر

حدیثی دوهەم

(العلم لا یحل منعه)

یعنی : دوروست نی‌یە منع کردنی علم لە خەلق .

بزانن : هیچ شتی نی‌یە لە دنیادا بەبی علم ری بکەوی ، بەعلم خوا ئەناسری ، بە علم ئادابی دین بەراستی جی‌بەجی ئەکری ، بە علم دوست و دوزمن لە یەکت جیا ئەکرینەوە ، بە علم ئەسبابی یارمەتی دوست و مدافعەی دوژمن پەیدا ئەکری ، بە علم ژیانی دنیا و قیامەت دەست ئەخری ، بەکورتی : علم بنچینەی هەمو بەختیاری‌یکە بویە خوای تەعالاو پیغەمبەر ﷺ لە (قرآن و حدیثا) زور تعریفی علمیان کردووە ، وەکومەلی ئادەمیزادیان لەسەرپەیدا کردنی علم هەل‌ناوە حەزرەت ﷺ فەرمویەتی : (اطلبوا العلم ولو بالصین) یەعنی : بەدوای علم دا بگەرین و داوای بکەن بالە وولاتی چینیشدا دەس تان‌بکەوی ، هەندی لە تیگەیشتووان فەرمویانە : سەرچاوەی بەختیاری ئادەمیزاد حەوت شتە : عقل ، علم ، دین ، أدب ، بیستنی حق ، خوشەویستی ئادەمیزاد ، هەلگرتنی نارەحەتی لی‌یان ، وە علم سەرچاوەی هەمو ئەمانەیە ، جگە لە عقل کە سەرچاوەی علمە . بنا لە سەرئەمە هەر کەسی منعی اسبابی بەختیاری لە ئادەمیزاد بکا طبعــا شایانی بەدبەختی ئەبەدی‌یە ، ئەوەندە هەیە لەبەرئەوەی کەعلم گەوهەریکی زور بەنرخە

پیویستە بەکەسی پیشان بدری کە اهلیت و ئامادەگی بی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ای گرانمایە مرد دانشور
کەترا علم و دین بود معلوم
مستعدرا ازان مشو مانع
مستحق را ازان مکن محروم

منیش نوسیومە :

هەرکەسی علمی خوی بلی بەغبی
عمر و علمی بە دەفەیی تەلەفە
بو زەکی چاکە علمی تو ، بەمثل
قەترە بارانە ، ذهنی ئەو صەدەفە

حدیثی سەهەم

(لا یؤمن احدکم حتی یحب لاخیه ما یحب لنفسه)

یەعنی : هیچکەس لە ئیوە ئیمانی تەواونابی ، تا حەز نەکابو برای دینی خوی ، هەرشتی کە حەزی پیئەکا بو خوی .

ئەم حدیثە یەکیکە لەو چوار حدیثانە کە ئادابی چاکیان تیاکوبوەتەوە .

مقصودی حەزرەت ﷺ لەم حدیثە ئەمەیە هەمو موسولمانی لەگەل موسولمانانی تر ، ئەوبەرر دەرەجەی ئاسراوی بی تا کاروباری دنیا و قیامەت یان ریکوپیک بی ، لە واقعا مادام هە موسولمانی حالی وابو ئەوەی بو خوی حەزی پی کرد بو غەیری خویشی حەزی پی بکا طبعا هەرچی بوخوی حەزی پی نەکا بو غەیری خویشی حەزی

بی‌ناکا ، وه هه‌موکه‌س له چاکه و خرابه دا وه‌کو خوی ئه‌زانی ، بناله‌ سه‌ر ئه‌مه هه‌میشه چاکه‌یان له گه‌ل ئه‌کاو‌ه‌زه‌ره‌رو ناره‌حه‌تی‌یان لی‌لائه‌دا ، موسولمانی تریش که ئه‌م طبیعه‌ته‌یان بو ده‌رکه‌وت ، ئه‌م که‌سه‌یان خوش ئه‌وی و ئه‌وانیش طبیعه‌تیان چاک ئه‌بی و هه‌مویان خه‌ریکی یارمه‌تی یه‌کتر ئه‌بن ، به‌ره‌نگیک هه‌ر که‌س له خیریکا دیارنه‌بی ، وه‌کو حازر به‌شی بودائه‌نری، وه هیچ که‌س ته‌نها به‌دوای مقصودی تایبه‌تی خوی‌دا ناگه‌رری ، که موسولمانان حال‌یان وای لی‌هات به به‌ختیاری دنیا و قیامه‌ت ئه‌گه‌ن .

مه‌ولانای جامی فه‌رمویه‌تی :

هـــه‌رکه‌سی را لقب مکن مؤمن
گرچه از سعی جان‌وتن کاهد
تا نخواهـــد برادر خودرا
آنچـه ازبهر خویشتن خواهـد

منیش نوسیومه :

نی‌یـــه ئیمانی بی خلـل بوکه‌س
گه‌رچی وه‌ک روحه بو هه‌مو انسان
تانـه‌حیینی بو برای دیـنی
وه‌کو بوخوی منافع و احسان

حدیثی چوارم

(لا یشبـع المؤمن دون جاره)

یه‌عنی : انسانی موسولمان به‌بی دراوسی‌ی تیرنابی .

مقصودی حه‌زره‌ت ﷺ له‌م حدیثه شریفه هه‌لنانی موسولمانانه

بو حورمەت گرتن و چاودیری دراوسی کانیان ، چونکە دراوسی لەبەرئەوەکە نزیکی انسانە ، وەکو لە پەنای انسانا بیوایە ، وە بوکەسی کە شرفی بی زور شورەییە چاودیری کەسی نەکا کە لە پەنایابی ، زیاد لەمە دراوسی لەبەر نزیکی اگایان هەیە لە دراوسیی خویان . ئەگەر خواردەمەنییکی خوشیان بی مندالەکان یان اگادار ئەبن وە نفسییان پیوە ئەبەسری ، لەصورەتیکا انسان یارمەتییان نەداو بەشیان دانەنی ، زور نزیکە ئەوخواردەمەنییەی ئەیخون بی بەنە خوشی و ناسافی لە لەشیانا ، دوبارە بیبەش کردنی دراوسی لەخیرات پیچەوانەی برایەتی اسلامییە . لە (بخاری شریف) دا هەیە : زور دراوسی لە روژی قیامەت دا دراوسیی خوی ئەگری و ئەیبا بو خزمەتی خوا شکاتی لیئەکا ، ئەلی : خوایە ! ئەم دراوسیی منە لە دنیادا دەرگای لەسەرمدا ئەخست وخیراتی خوی لی ئەگرتم .

بزانن : دراوسی ئەگەر کافر بی تەنها حەقی دراوسییەتی هەیە ، ئەگەر موسولمانیکی بیگانە بی حەقی دراوسییەتیو موسولمانەتی هەیە ، ئەگەر خویش بی حەقی دراوسییەتی و موسولمانەتی و خویشی هەیە . حەزرەت ﷺ فەرمویەتی : ئەوەندە جبرائیل - سەلامی خوای لیبی - لەبابەتی دراوسیوە وەسیەتی بو کردم ، خەیالم ئەررویشت کە لەپاش مردن دراوسی لەمالی دراوسی میرات ئەبا .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

هەر کە در خطۂ مسلمانی
باشد از نقد دین گرانمایە
نبود از فضل حق عجیب و غریب
بنشیند گرسنە همسایـــە

منیش نوسیومه :

اعتبارم نی‌یە بە صدقی کەسی
لی بدا لافی دین وعقل وکمال
لەوبە سەرچی زمان بەعیش وفرح
لەدراوسی بە ئیش و دەردووەبال

حدیثی پینجەم

(المستشار مؤتمن)

یەعنی : کەسی تەگبیری پی کرا ئەوە بە ئەمین دانراوە .

کەوابی پیویستە لەسەر انسان لە هەر مەتلەییکا تەگبیری پی کرا بەبی خەیانەت هەرچی ئەزانی دەری ببری ، حتی لەکانی تەگبیر کردنا غەیبەت دوروستە ، مثلا ئەگەر کەسی پرسی لەتو حالی فلان کەس چونە ؟ ئاخو بوئەوە ئەشی هاوری‌ی بکەم‌یانە ؟ وە تویش ئەت‌زانی حالی خراپە ، پیویستە بەیانی ئەوخراپی‌یەی بکەی تائەو کابرا کە تەگبیرت پی‌ئەکا خوی لی‌لادا ، حقیقتی تەگبیر ئەمەیە انسان هەروەختی فرمانی هاتەری‌ی ، بەرلە ئەمە دەستی پی‌بکا داوای تەگبیرو پرس ورابکا بە خاوەن عقل و تی‌گەیشتووەکان ، تا ئەوان هەر ریگاییکیان بەباش زانی ئەم کەسەبەو ریدابروا ، وە هەرریگایی بە خراپ بزانن خوی لی‌لادا تەگبیر سببی سەرکەوتنی‌دین و دنیایە چونکە هەر مەتلەییک کومەلی ئی کولینەوە چاکو خراپەی دەرئەکەوی ، وەئەهلی ئەو مەتلەبە بە چاوروشنی خەریکی ئەو فرمانە ئەبن ، تەگبیر کردن لە ئایینی اسلاما زور ئەهمیەتی پی‌دراوە ، خوای تعالی ئەمری فەرمووە بەپیغەمبەر ﷺ کەلەکاروبارا پرس بەهاوری کانی‌بکا وە لە تعریفی پیغەمبەر ﷺ و هاوری کانیانا فەرمویەتی : (وامرهم شوری بینهم) ، یەعنی فرمانیان لەناو خویانا

بە تەگبیرە . حەزرەت ﷺ زور موسولمانانی لەسەر تەگبیر کردن هەل ناوە مثلا فەرمویەتی : (الحزم ان تشاور ذا رأی ثم تطیعه) ، یەعنی بیری ساغ ئەوەیە لەکاروبارا تەگبیر بکەی بەکەسیکی خاوەن عقل ، لەپاشا چی بودانای بەگوی‌ی بکەی ، بەلام پیویستە ئەو کەسە تەگبیری پی‌ئەکری عاقل‌و دوست و ئەمین‌بی ، چونکە لە تەگبیر کردن بە انسانی بی‌عقل یا دوژمن یاناَئەمین لە زەرەر زیاتر هیچ پەیدانابی ، هەندی فەرمویانە : (المشورة محك الامانة) ، یەعنی ئەمینی خەلـك لە تەگبیر پی کردنیان ئاشکرا ئەبی ، لە واقعا هەر کەس لە تەگبیرا خەیانەتی نەکرد ئەو کەسە بە راستی ئەمینە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

هرکه در مشورت امین توشد
گرچـه‌باشد امان روی زمین
چون نهان دارد آنچه مصلحت است
خائنش خوان بحکم دین امین

منیش نوسیومە :

اعتبارت نـەبی ئەمینـە کەسی
گەرچی مـەشهوری عالەمە بە ئـەمین
تا بەدل وەختی مەشوەرەت بی‌غەش
ری‌ی نـەجات لەبونـەکا تأمین

حدیثی شەشەم

(المجالس بالامانة)

یەعنی : جوانی‌و شرفی مجلس بە ئەمینی دانیشتووانی ئەومجلسەوەیە.

بەم مەعنا مجلس بەم شەرطە جوان و خاوەن شرفە کە دانیشتووەکانی لەسەر نهێنی یەکانی ناو خویان ئەبین بوە ئاشکرای نەکەن ، بەلام ئەمە وەختی وایە کەدانیشتووانی ئەو مجلسە خەریکی حەرام نەبن ، ئەرنا پیویستە هەرکەس بەنهێنی یەکانیان بزانی دەری بری ، وەبو بەرهەلستی ئەو پیلانە تیبکوشی . مقصودی حەزرەت ﷺ لەم حدیثەشریفە هەلنانی موسولمانانە لەسەر شاردنەوە و بەنهان کردنی نهێنی ، واقعا شاردنەوەی نهێنی زور صفتیکی بە ئەهمیەتە . بە شاردنەوەی نهێنی ناموس ئەپاریزری ، گیان و مال ئاگاداری ئەکرین ، کومەل بە یەکەوە ئەبەسرین ، زور کومەل بوون بە واسطەی پەنهان کردنی نهێنی خویان هیزیان گرتووەو بە ئاماجەکانیان گەیشتون بنالەسەر ئەمە پیویستە انسانی موسولمان پاریزگاری نهێنی یە چاکەکانی اسلام بکات ، ئەرنا ئەکەویتە تەنگ وچەلەمەوە ، ئەو وەختە سەرپەنجەی خوی بە داخ و پەشیمانیەوە ئەگەزیت وە سودیشی نابیت ، بویە حەزرەت ﷺ فەرمویەتی: (استعینوا علی قضاء حوائجکم بالکتمان ، فان کل ذی نعمة محسود) ، یەعنی : کومەک پەیدا بکەن بو جیبەجی کردنی پیویستی یەکانتان بەبەنهان کردنی ئەو پیویستی یانە چونکە هەمو خاوەن نعمەتی بەخیلی پیئەبری ، ئەگەر ئارەزوی خوی لای هەموکەس دەربری وا ئەبی لەگەلیکیانەوە زیانی توش ئەبی . حەزرەتی علی - کرم اللە وجهە - فەرمویەتی : (سرک اسیرک فان تکلمت بە فانت اسیرە) ، یەعنی : نهێنی دلت دیلتە ، کە ئاشکرات کرد ئەو وەختە تودیلی ئەوی و پی گیرودە ئەبی . هەندی لە تیگەیشتووان وتویانە : چاکترینی صفتەکانی ئادەمیزاد دو صفتە :

سخاوت بەمال لەری خیرو حق   بەخیلی بەمر لەگەل هەموخەلق

داناپان فەرمویانە : بێهیزترینی ئادەمیزاد کەسیکە کە نـەتوانی نهینی بەکانی خۆی بپاریزی ، وەبەهیزترینیان کەسیکە لەکانی رق و کینەدا بەسەر طبیعەتی خوی‌دا زال‌بی ، یەعنی لەوکاتەدا قسە و فرمانی نا باری لی دەرنەکەوی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ای شدە محرم مجالس راز
راز هر مجلسی امانت تست
مکن افشای راز هر مجلس
زانکە افشای آن خیانت تست

منیش نوسیومە :

سری مجلس ئـەمانەتیکە وەکـا
حفظی ئەو حفظی مال‌و جاە و سەرە
هـەرکەسی سری خوی بلی بەەو بەو
توشی داخی دەرون و دەردی سەرە

حدیثی حەوتەم

(القناعة مال لا ینفد)

یەعنی : قەناعەت مالیکە نابریتەوە ! !

قەناعـەت ئەمەیە انسان رازی بی‌بەو ئەندازە خوای تعالی بی‌ی ئەدا لە خواردن و خواردنەوە و جل‌وبەرگ و شتی‌تر ، وە دلی‌خوی نـەبەسی بە تەماع و ئارەزوی زیادەوە ، وە بەسەرەوەت و مالی خەلقیش دلی نارەحەت نەبی .

قەناعەت قازانجی دینی و دنیایی زورە ، قازانجی دینی ئەوەیە ئەوانەی کە بە بەشی خویان رازین وە هەولی تالان کردنی مالی خەلک نادەن لەروژی قیامەت دا توشی لی‌پرسینەوەی زور نابن ، چونکە مالی خەلکیان نەخواردووە ، وە جگەلەمەش خوا خیری زوریان بو ئەنوسی چونکە بەبەشی خویان دا کەوتون و صبریان کردووە ، قازانجی دنیاییشی ئەمەیە لە تەنگ‌وچەلەمەکانی ژیاندا خویان پی‌را ئەگیری وە ئەتوانن بژین و توشی سەر شورری و منەتی هەمو نا مەردیکە نابن ، بەلام ئەوانەی کە هەمیشە خویان فیری بەرگی جوان و خواردەمەنی خوش و جیگای رەحەت کردووە کە نارە حەتی‌یکیان بەسەراهات بە گورجی ئەروخین و جلەوی خویان لەدەست دەرئەچی .

بیداری : قەناعەت مەعنای وانی‌یە کە انسان هەول نەدا بو بەختیاری خوی ، وە لە سەر ذەلیلی و هەژاری خوی بهلیتەوە ، چەندها ئایەتو حدیث هەن کە خەلق بانگ ئەکەن بو ئەوەی کاسبی بکەن وە ژیانیکی پرلە کامەرانی پیکەوە بنین ، مەبەس لەو ئایەت و حدیثانەی کە خەلق بو زهد و قەناعەت بانگ ئەکەن ئەوەیە انسان بە هەمو ریگاییکی راست و چەوتا هەلپە نەبا وە نەیەوی مالی خەلک زەوت بکاو خوی کوبکا - تەوە ، لەلاییکەوە یەکی بە ئینتەلاعری لەلایەکی تریشەوە یەکیکی تر لەبرسا گیانی دەرچی ، بەشی زوری ئەو ئایەت و حدیثانەی کەداوای زهد و قەناعەت ئەکەن دەرهەق بە دەولەمەندەکانی قریش وتراون کە بە سود و فایز و پیلانی شەیتانانە شانی عەرەبە رەش و روتەکانیان قورس کردبو ، ئەمروش لەجیاتی ئەوەی کە ئەو ئایەت و حدیثانە بو ئەودەولەمەندانە بخوینرینەوە کەبەفایز و غەش مالی‌مرسولمانان ئەخون ،

داخی گرانم بەسەرئەوانەدا ئەخوینرینەوە کە بەیانی تا ئیواری بەرەنجمە شان و عەرەقی ناوچەوان هەول ئەدەن کەچی هەرلەمەینەت و دەردی سەری رزگار نابن ، وەوایان حالی ئەکری کە ئەبی هەتا ئەمون لەسەر حالی خویان بمینەوە ، وەهیچ هەول و تەقەلایەک نەدەن بو چاکە کردنی ئەوضاعی خویان .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

صاحب حرص راز خوان کرم
فیض و احسان نمی‌رسد هرگز
به قناعـت گرای کان مالی است
که به پایان نمی رسد هرگز

منیش نوسیومە :

ئەهلی حرص و طمع بەروژ و بەشەو
وەکو دەرویشی دل پەریشانە
هەر قەناعەت بەکارە بو انسان
وسعتی حـالە ، عزتی شانە

حدیثی هەشتەم

(الغنی الیأس مما فی ایدی الناس)

یەعنی : دەولەمەندی بی ئومیدی بە لەوەی واله دەستی خەلقا .

بەم مەعنایە دەولەمەندی هەر ئەوەنییە انسان صەروەت و حور-مەتی بیی ، بەلکو دەولەمەندی راستی ئەمەیە انسان لە خویا ئەوەندە همەتی بەرز و طبیعەتی بلاو و عزەتی نەفسی بی ، ئومیدی بەمال و نعمەتی کەس نەبی وەئیشیکی وەها بو خوی سازبکا بی احتیاج بیی .

لەخەلق ، ئەرنا انسان بادەولەمەندیش بێ کە طبیعەتی سوك بو وەچاوی لەخەلقەوە بو ئەوەلەلات لات ترە .

حقیقەتی ئەم حدیثە شریفە هەموئادەمیزاد بانگ ئەکا بو ژیانێکی مەردانە وگوزەرانێکی بەختیارانە ، وەئەم ئاموژگاریە نیشانمان ئەدا هەروەکو انسان لەلەش وئەندامانا هەموکەس جیایە ، پێویست ئەکا ئەسبابی ژیان وگوزەرانیشی سەربەخو وجیابێ ، چونکە خوائەم خەلقانەی بو ئەوە دورست نەکردوە بەبێ پێویستی وناعیلاجی ، خویان بکەن بەباری نارەحەتی لەسەر خەلقی تر . قانونی دنیا داوای ئەوە ئەکا هەرکەس بو استراحەتی خوی هەول بدا لەرێگایێکی حلال وشەرافت دارەوە گوزەران پەیدا بکا ، انسانی تەمەل لەناو ئادەمیزادا وەکو مردو لەناوکومەلی زیندوا ، یا خود وەکو انسانێکی افلیج لەناوچەند انسانێکی جوان و پالەوان دادیاری ئەدا ، وە انسانی شرفی بی بەم رەنگە رازی نابێ ، لقمانی حکیم بە کوررەکەی خوی فەرمووە : خوت بپارێزە لە داوا کردنی شت لەخەلق ، داوا کردن دودەردی هەیە ، یەکەم ئەمە کەئابرروی انسانی پێ ئەرروا ، دوهەم ئەمەیە بەسوکی تەماشا ئەکرێ ، هەندێ حکما وتویانە احتیاجیت بەهەر کەس بێ ئەبێ بەدیلی وەلەهەرکەس بێ احتیاج بی ئەبێ بەهاوچەشن وهاودەمی لەعەرەبێکیان پرسی دەردی بێ دەرمان چیە ؟ ووتی : (حاجة الکریم الی اللئیم)، یەعنی : احتیاجی کەوتنی پیاوی بەحورمەت وناموس بولای پیاوی نامەرد ، چونکە ئەگەر احتیاجی بەکەت جی بەجی بکا ئەتکا بەبەندەی خوی ، ئەرنا بەسوکی ئەت گێرێتەوە ، لەبەر ئەمانەیە حەزرەت صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی : (لأن یأخذ أحدکم حبله

خيأتي بحزمة الحطب على ظهره فيبيعها فيكف الله به وجهه ، خير له من أن يسأل الناس اعطوه أو منعوه) ، يه‌عنی قه‌سه‌م به‌خوا ، يه‌كی له‌ئيوه گوريسه‌كه‌ی هه‌ڵگری وكوڵی دار به‌پشتی خوی بينی و بيفروشی و بوگوزه‌رانی خيزانه‌كه‌ی صه‌رفی بكاو ئابرووی خوی پێ بپاريزی چاكتره بوی له‌وه كه‌داوای شت له‌خه‌لق بكا چه‌بيده‌نی چه‌نه‌يده‌نی .

بيداری : ئه‌ی‌خوشه‌ويسته‌كان ! له‌م تفصيله‌وه گومان نه‌به‌ن كه‌وابو خويندن بی‌سوده ، وه‌چاكه وايه خه‌ريكی كاسبی ببين ، بوچی ؟ چونكه خويندن خوی كاسبی‌يكه له‌هه‌مو كاسبی‌يك به‌ئه‌هميه‌ت‌تر وقازانجی زياتره ، ئيشی دنياودين پيويستی به‌علم هه‌يه وه‌بی علم ومعارف هيچ ميلله‌تی نه‌سه‌ركه‌وتنی دين نه دنيای ده‌ست ناكه‌وی ، ئه‌گه‌ر شيوه‌ی كاسبی وه‌كو ئاده‌ميزاديكه وابی ، علم له‌وئاده‌ميزاده‌دا وه‌كورو ناكی چاوان ياهيزی گيان وايه .

مه‌ولانای جامی فه‌رمويه‌تی :

گردات را توانگری بايد
نه‌توانگردلی نيكو هنريست
باركش دست همت از چيزی
كه به‌دست تصرف ديگريست

منيش نوسيومه :

مال ودەولەت نەسەروەتە نە لباس
نەعەمارەت نە قەيسەری نەئەساس
ئەمەیە دەولەتت ئەگەر مەردی
بی رجا بی لەجاه ونعمەتی ناس

حدیثی نوهەم

(لیس الغنی عن کثرة العرض ، انما الغنی غنی النفس)

یەعنی : دەولەمەندی بەزوری شتومەک نی‌یە ، بەلکو دەولەمەندی تەنهائەوەیەدلت دەولەمەندبی .

چونکە مەعنای ئەم حدیثە لەحدیثی پێشو جیاوازنی‌یە ، نوسینی هیچ تفصیلاتیکان بەپیویست نەزانی .

مەولانای جامی فەرموویەتی :

توانگر کسي بود کەبەمال
کارپردازوچارەساز بود
آن بود کزشەودفضل خدای
اززرو مال بی نیاز بود

منیش نوسیومە :

دەولەمەندی ئەوەنی‌یەکە بەبار
هەل بریژی مەتاع و ، زەرربەطبق
دەولەمەندی لەسەر حدیثی صحیح
نفسی شادودلی گوشادە ، بەحق

حدیثی دوەهەم

(یشیب ابن آدم ویشب فیه خصلتان الحرص وطول الامل)

ئەمە روایەتی‌حدیثە بەمەعنا ، اصلی لفظي حدیثة کەوەکولەبخاری شریفا روایەت کراوە لەانسی کورری‌مالکەوە ـ خوای‌لی‌رازی‌بی ـ

ئەمەیە : (یکبر ابن آدم ویکبر معه خصلتان الحرص وطول الامل) .
یەعنی : ئادەمیزاد بەتەمەن پیرئەبێ ، بەڵام دوخو لەگەڵیا جوان
ئەبنەوە ، یەکەم تەماع دووەهەم دریژی ئومید ، تەماع یەعنی ذوری
حەزوئارەزو لەدەولەمەندی‌وپایە بەرزی ، ئەم خووە زور خراپو
ناشیرینە ، وە بنچینەکەی لەسەر نارەزایی‌یە بە بەشی خوا ، ئەرنا
ئەگەر انسان بەبەشی‌خوا رازی بێ هەولی ناشەرعی‌وئەندازە بەدەر
نادا ، کەانسان لەسەر ئەم خووە مایەوە حالی وای لێ دێ ، لەهەر
ریگاییکەوە دەولەمەندی‌وپایەی بەرزی دەس کەوی هەرچەند خلافی
شەرع و شرف و انسانیتیش بێ قەبولی ئەکا ، ئەم هەموفرمانی بێ‌مەعنایە
کەهەن وەکودزی ، جەردەیی ، کوشتن ، خواردنی سودوبەرتیل ،
وەرگرتنی وەظیفەی سوك وبێ‌قابلەت ، زوریان لەتەماعەوە پەیدا ئەبن ،
تیکەیشتووان لیکیان داوەتەوە انسانی تەماعکار تا لەدنیادا بێ هەمیشە
نارەحەتە ، وەئاخری بەدەردی خراپ ئەرروا وەهەرگیزدلی تیرنابێ ،
بویە حەزرەت صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی : (إیاکم والطمع فانه
الفقر الحاضر) یەعنی : خوتان‌بپاریزن لەتەماع چونکە بەراستی تەماع
هەژاری هەمیشەیی‌یە ، بەم مەعنا کەسی تەماعکاربێ باماڵی دنیاایشی
ببی ئەوە لەبەر ئەوحالەتی خویە تاماوە هارملی هەژاری‌یە وەقەت دلی
تیرنابێ . ئەهلی عقل ووتویانە : کەسی بیەوی لە دنیادا بە ئازادی بژی
ریگای تەماع نەداو دلی‌خوی ، لە اسکندریان پرسی خوشی‌و ناخوشی
دنیا بەچی ئەبێ ؟ لەجوابا ووتی خوشی دنیا بە قەناعەت و ناخوشی دنیا
بە تەماعکاری‌یە . هەندی کەس ووتویانە ، بەندە لەدنیادا سەجورە :
بەندەی (رق) ، بەندەی ئارەزو ، بەندەی تەماع : بەندەی (رق)

ئەو کەسەیە یادبلی شەررە یا لەنەتەوەی دیلە وەکرین و فروشتنی بە سەرادیت . بەندەی ئارەزو کەسیکە ئەوەندە خزمەتکاری ئارەزوی خوی بی حەزی لەهەرچی کرد بو بەجی هینانی ئەوشتە خوی سوک و ذەلیل و بی شرف ئەکات . بەندەی تەماع کەسیکە لەهەرلایی تەماعیکی چاوی کەوت بوئەو تەماعە گیانی خوی ئەخاتە خەتەرەوە ، وە خوی لەناوئەبا . زیانی تەماع ئەوەندەزورە انسان ئەتوانی بلی لەو روژوە دنیاهەیە تائیستا هەر نارەحەتی یێک روی داوە دەسی تەماعی تیابووە . دریژی ئومید ئەوەیە انسان ئەوەندە لە تأثیری قدرەتی خوا بی ئاگابی ، لەسەر هەرشتی کەئارەزوی کرد خەیالی دور ودریژ بکا . مثلا هەرلە ئیستاوە بورابواردن وخوشی چەندسالی تر دەس بکا بەخەم خواردن ، وە یا لەترسی هەزاری حقوقی شرعی بگریت ونەیدا وەیابە ئومیدی ئەمە لەپاش چەندسال روتبەیێکی دەس بکەوی ئیستا خوی توشی خلاف شەرع وبی شرفی بکا . ئاگادارین ! تەماع ودریژی ئومید لەئیشی چاکەدا بەختیاری یێکی تەواوە ، پیویستە انسان هەرگیز کول نەدا لەفیربونی علم ومعارف وریکخستنی قازانجی دینی ودنیایی موسولمانان دا ، بە جەشنی کەموافق شەریعەت بی ، پیویستە لەروژەکانی استراحت دا انسان خەریکی یەکخستنی موسولمانان ونەهیشتنی ناکوکی ودودلی بی لە ناویانا ، وەهەول بدا بوئامادە کردنی ئەسبابی بەر هەلستی دوژمن ئەوەک لەکاتی خەتەردا زال بی بەسەرمانا ، وە بوئەوەی لەکاتی فرصت دا موسولمانان سەرکەون .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

آدمی زاده پیری افزاید

هرزمان دربنای عمر خلل

لیک‌دروی‌جوان‌شود دوصفت
حرص در جمع مال وطول أمل

منیش نوسیومه :

پیر ئه‌بی ئاده‌می به‌عمرو مزاج
پرر ئه‌بی تالی له‌دەردو خەلەل
هینده به‌دبه‌خته جوان ئه‌بیتوله‌وا
صفه‌تی پیسی حرص وطولی أمل

حدیثی یازده‌هه‌م

(من لا یرحم الناس لا یرحمه الله)

یه‌عنی: که‌سی ره‌حم به‌خلق نه‌کا ، خوای ته‌عالایش ره‌حم به‌و ناکا .
ئه‌م حدیثه شریفه هه‌مو ئاده‌میزاد هه‌ل ئه‌نی له‌سه‌ر ره‌حم کردن به‌هاوچه‌شنی خویان ، تاخوایش ره‌حم به‌وان بکا ، چونکه انسان که‌به‌توندی ورق و کینه له‌گه‌ل خه‌لقا جولایه‌وه ، دلی ره‌ش ئه‌بیته‌وه وه دوعای شه‌رره‌که‌ویته‌شوینی،وه‌ده‌رگای ئه‌سبابی چاکه‌ی لی‌ئه‌به‌سری، گه‌وای بی‌هات ئه‌بی به مستحق غضبی خوا ، ئه‌گه‌ر ماوه‌ییکیش وازی لی‌بینی ئاخری هه‌رغضبی‌لی‌ئه‌گری ، وه‌کو پیشینان ووتویانه : « خوا دیرگیره وسه‌خت گیر ! » .

بزانن : هه‌رچه‌ند پیویسته‌انسان له‌گه‌ل هه‌مو که‌سیکابه ره‌حم بی ، به‌لام‌له‌ده‌ره‌جه‌کانی ره‌حم دافه‌رق هه‌یه ، ئاشکرایه‌ره‌حم کردن به انسانی ضعیف و داوما یاغه‌ریب ، یاخزم وکه‌س وکار . یاکه‌سیکی لی‌قه‌وماوی

نەجیب ، یا کەسی قسازانجی بوخەلق بوبی ، لەخاتی تربیویستترە . رەحم وناسیاری بەهیزترین ئەسبابی رزگار بونە وە توندی وروترشی بەهیزترین ئەسبابی نائومیدییە ، زورکاری نارەحەت بەخوشی جیبەجی بووە ، وە زورکاری رەحەت وئومیدی چەندساله بەواسطەی دوقسەی خراپ ودو جولانەوەی نامناسبەوە لەدەس دەرچووە بویە حەزرەت ﷺ فەرمویەتی : (من اوتی حظه من الرفق فقد اوتی حظه من الدنیا والآخرة) ، یەعنی کەسی بەشی خوی لەنەرمیو روخوشی پی درابی ئەوە بەشي خوی لەدنیا وقیـامەت پیدراوە ، حەزرەتی معاویەفەرمویەتی : سەرم سورر ئەمینی لەکەسیك بەتوندیو توورەیی خـەریکی فرمانی بی کەجی لەدەسەلاتیشیابی بەخوشی جیبەجیی بکا ، هـەندی لەحکما فەرمویانە : دەستی نەرمی بەری سەلامـەتی ئەچنیتەوە ، دەستی توندی وتوورەییش داری پەشیمانی دائەچەقینی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

رحم کن رحم زانکه بررخ تو
در رحمت جز ازتو نگشاید
تاتو بر دیگران نبخشایی
ارحم الراحمین نبخشاید

منیش نوسیومە :

تاحەیاتت هـەیە رەحم کە بەخەلق
بەقسـەی خوش‌وصەرفی‌نان‌ودرەم

تو کە رەحمت نەبی ، خودا ناکا

لەحەق تو ، نەرەحمەت ونەکرم

حدیثی دوازدەهەم

(من لم یشکر الناس لم یشکر اللە)

یەعنی : کەسی خوی وابی سوپاسی نعمەتی ئادەمیزاد نەکا ، ئەوە سوپاسی نعمەتی خوایش ناکا .

سوپاس ئەمەیە انسان دان بنی بەنعمەتی خاوەن نعمەتا ، وە لە ئەندازەی خویا بەزوبان تعریفی بکا ، وە حقوقی وفا را بگری ، انسان کە طبیعەتی پیـاوانەو ئەخلاقی مەردانەبو ، هەرکەس چاکەیکی لەگەل کرد لەپیش چاویارای ئەگری ، وە سوپاسی ئەوکە ئەکا ، وەکە حالی لەگەل ئادەمیزادا وای بی هات چاکتر سوپاسی نعمەتی خوایش ئەکات ، بەلام ئەگەر طبیعـەتی سپلەبو هەروەکو حقوقی ئادەمیزاد ئەشاریتەوە بەگویرەی سوکی طبیعەتی خوی سوپاسی خوایش ناکا ، چونکە هەرخوییک لەدەرونی انسانا دامەزرا دەربارەی هـەموکەس نیشانەی دەرئەکەوی .

سوپاسی نعمەت زور جوانە، پیویستە کەتا نعمەتی نعمەت دەر زیاتربی لەبەرابەریەوە سوپاسی انسانیش زیاتربی ، بویە پیویستە لەپیش هەمو کەسیکدا انسان سوپاسی نعمەتی خوا بکا ، چونکە هـەمو نعمەتیک بەری ئارەزو وهیزی ئەوە . لەپاش سوپاسی نعمەتی خوا پیویستە انسان سوپاسی نعمەتی باوک ودایك بکا ، چونکە لەخوا بەولاوە لەهـەموکەس حقوقیان زورترە ، بویە خوا لەقرآنا فەرمویەتی :

(ان اشكرلي ولوالديك)، يەعنی سوپاسی نعمەتی من وباوك ودايكت بكە ، ئەمجار سوپاسی ماموستاييكە كە علم ومعارف پيشان بدا ، وە انسان لەتاريكی نەزانی دينی ودنيايی بخاتە روناكی زانست وبەختيارييەوە . ئەمجار سوپاسی حاكمی عادل كەمايەی استراحەتی ميللەتە ، ئەمجار سوپاسی نيشتمان ودانيشتوانی نيشتمان ، هەروەكو نيشتمان بووە بەبيشكەی پەروەردە بون ، ودانيشتووانی نيشتمان بوون بەواسطەی ژيانی تو هەر وەها پيويستە توش بوئاوەدانی نيشتمان وقازانج گەياندن بەدانيشتووانی هەول بدەی ، تالەپاش مردنی خوت اولادو فاميلت لەنيشتمانابە بەختياری دينی ودنيايیەوە بژين .

بيدرای : سوپاسی نعمەتی ئادەميزاد ئەبی لەئەندازەيیكابی شريعەت قەبولی بكا ، ئەنا ئەبی بەدرو ودورويی ومنافقی ، لەدنيادا كەسی استحقاقی سوپاسی نعمەتی هەيە ، كەلەسەر نعمەتەكەی منەت دانەنی ، ئەنا اعتبار وقەدری ئەكەوی ، وەكو هەندی لەحكما فەرمويانە : (من منّ بمعروفه سقط شكره ، ومن اعجب بعمله حبط اجره) يەعنی : كەسی لەسەر نعمەتی خوی منەت دانی حق سوپاسی نامينی وە كەسی بەكردەوەی چاكەی خوی بايی بی ، خيری بونانوسری .

مەولانای جامی فەرمويەتی :

بتو نعمت زدست هر كەرسد
نەبيدان شكر كوبی پای
كی بشكر خدا قيام كند
تارك شكر بندگان خدای

منیش نوسیومه :

هەرکەسی نعمەتی بەتو دابی
لاتە باشایە شیتە ، دانایە
گەر نەکەی شکری نعمەتی ، ناکەی
شکری خالق کەتاکو تەنهایە

حدیثی سیازدەهەم

(ان الله یحب السهل الطلق)

یەعنی : بەراستی خـوا انسانی طبیعەت نەرم و روخوشی خوش ئەوی .

ئاشکرایە هەرکەس روی خوش بی ئەو کەسە نیشانەی بەختیاری بەناوچاوانیەوەیە ، قسەیێکی کوردی‌یە ئەلی : انسانی روخوش مژدەی بەهەشتی پی‌یە ، انسانی روترش دەنگ‌وباسی جهنم ! انسان کەروی خوش بو هەرکەس چاوی پی بکەوی دلی خوش ئەبی ، وە هەرکەس احتیاجی‌یێکی پی‌ی بی ئەترانی پی‌ی بلی ، وە ئەگەر لەئەهلی علم‌و معارف بی قازانجی لی‌ئەکری ، بەپێچەوانە شەوە انسانی روترش یاقازانجی بوکەس نابی ، یائەگەر قازانجی بی بەتالی روی بەتالی ئەکاتەوە ، وەکو وتویانە برکەی رەخوش لەحەلوای روترش خوشترە .

لەئاینی اسلامدا روخوشی زور مهمە ، وە قسەی خوش بەصدقە دانراوە ، لە واقعا انسان ئەگەر مالیشی نەبی بیدا بەخەلق مادام بەروخوشی لەگەل‌یان بجولیتەوە وجوابیان بدانەدە وەکو مالی پیدابێ

وایە ، بویە حەزرەت ﷺ فەرمویەتی : (انکم لاتسعون الناس باموالکم ، ولکن یسعهم منکم بسط الوجه وحسن الخلق) یەعنی : ئێوە ناتوانن مال وسەروەت‌تان بگەیێنن بەهەمو کەسێکا ، بەلام ئەتوانن روخوشی وخوش خوی‌تان بگەیێنن پیایانا ، یەعنی مال تان بەشی هەمو ئادەمیزاد ناکا بەلام خوی باش بەشی هەمویان ئەکا ، چونکە انسان ئەتوانی بەروخوشی لەگەل هەمو ئادەمیزادا بجولیتەوە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

تاخدادوست داردت، باخلق
یک‌دل ویک‌زبان‌ویک‌روباش
شاد طبع وشکفته خاطر زی
نرم خوی وگشاده ابروباش

منیش نوسیومە :

گەربەدل طالبی نەجاتی برا
یەک‌دل‌ویەکی زوبان‌ویەک رو بە
سالم‌وخوش کلام‌وخوش مشرب
دانا میهرەبان وگول رو بە

حدیثی چواردەهەم

(اطلبوا الخیر عند حسان الوجوه)

یەعنی : داوای چاکەوقازانجی دینی ودنیایی بکەن لەلای ئەو کەسانە کەرویان جوانە ، چونکە رەنگ وخومناسبەیان بەیەکەوە هەیە ، کەانسان رەنگی جوان بو ، زور زیکەخو وطبیعەتیشی نەرم وپیاوانەبی ،

وەلەگەل لی‌قەوماووداماوانا یارمەتی وپیاوەتی بی ، بلخود مقصود لەروجوانی دەرون گوشادی وروخوش‌بەلەکاتیکا کەسی داوای چاکەی لی‌بکا ، بنا لەسەر ئەمە مەعنای حدیثە کە وایە داوای چاکە بکەن لەکەسی کەروی‌خوش‌بی ، چونکا مادام انسان لەوکاتانەدا زور خوش‌بی یافرمانی انسان ریک ئەخات وەیابە قسەی شیرین‌وبەأدب جوابی ئەداتەوە .

بیدرای : مقصود لەداوا کردنی چاکە ئەوەنی‌یە انسان وەکو سوالکەر بچیتەلای روخوشان ، وە داوای شت‌یان لی‌بکا ، بەلکو مقصودی حەزرەت ﷺ ئەوەیە انسان کەئارە زوی لەنی گەیشتن‌و بی‌گەیشتن ، وە یالە پەیدا کردنی دەس مایەبو بوکاسبی ، وە یاریسق لەتەنگ وچەلەمە وناڕەحەتی‌یک رزگاری‌بی لەهەمو ئەمانە دا تا بوی دەس‌بدا ، پەنابەریتە بەر انسانی روخوش وطبیعەت مەردانە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

بردری خوب روی منزل گیر
چون بی حاجتی بیرون آیی
تا اران بیشتر کەحاجت تست
دهد ، از دیدنش بیاسایی

منیش نوسیومە :

هەردەمی توشی علنی هات
دەردی دنیا بی ، یامضرتی دین
بودەوا هەر بە نابە روخوش‌بە
گەر طبیبیش نەبی حبیبە یقین

حدیثی یازدەهەم

(الكلمة الطيبة صدقة)

یەعنی : قسەی خوش صدقەیە .

چونکە مقصود لەصدقە دل خوش کردن وبەهیز کردنی برایەتی یە لەگەل موسولمانانا ، کەواتە دیاری یە هەروە کوانسان بەخششی بی لەگەل موسولمانانا ناسیاری لەناویانا پەیدائەبی ، بەقسەی خوشیش عەینی مقصود دیتەجی ، سەرەرای ئەمەش بنا لەسەر ظاهری احادیث صدقە تەنها ئەمەنی یە انسان پارەوشت ومەکث بدا بەخەلق ، بەلکو هەرچاکەی بی لەگەل هەر مستحقی بکا ئەوە صدقەیە ، کەوابو ئەگەر وورد بینەوە ئەزانین لابردنی نارەحەتی - وەکو بەردودار دورکث و . و . و .. - لەسەرە ریگە صدقەیە ، کومەکی لیقەوماوان صدقەیە . تکابو رزگار کردنی داماوان صدقەیە . چونەلای نەخوش صدقەیە . دل خوشی دانەوەی انسانی خەمبار صدقەیە ، شوین کەوتنی جنازە صدقەیە ، شارەزایی کردنی انسانی نەشارەزا صدقەیە قسەی خوش صدقەیە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

سخن نرم گوی باسائل
گرزمالش نمی دهی صدقه
زانکه در روی أهل حاجت هست
قول خوش از مقوله صدقه

منیش نوسیومه :

دڵی سوالکەر بە ئاگری محنەت
پڕ لەئیش‌وخروش ودەرد وکوڵە
نعمەتت گەرنی‌یە قسەی شیرین
صەدقەی شرعی‌یەوبەرانی دڵە

حدیثی شازدەهەم

(السماح رباح)

یەعنی : سخاوەت وبەخشش مایەی قازانجە بۆخاوەنەکەی .

واقعا انسانی خاوەن بەخشش لەدنیاوقیامەتا قازانجی پێ ئەگا ، قازانجە دنیایی‌یەکەی ئەمەیە یەکەم انسانی سخی ناوبانگی چاکەی ئەڕروا بەدنیادا ، گەروی کردە هەرجێگابی بەحورمەت تەماشای ئەگری ، ئاشکرایە زیان‌وانسانی بەناموس ئەویەلەگەل حورمەتانی ، انسان کە شرف وحورمەتی نەبوسردنی چاکترە ، دوهەم انسانی خاوەن بەخشش هەر وەختی توشی نارەحەتی‌یێک هات بەواسطەی انسانیەتی خویەوە هەموکەس دەستی ئەگری ویارمەتی ئەدا ، سەهەم بەخششی بەهەرکەس دابی ئەوکەسەئەو پیاوەتی‌یەی ئەوی‌لەبەرچاو ئەبی وەکو مشهورە : «انسان بەندەی احسانە» . چوارەم تجربە کراوە پیاوی‌خاوەن بەخشش هەردەولەمەندی‌یێکی بی بەرەحەتی ئەی‌خوا وەئەبی‌بەمایەی حەسانەوەی ، بەلام انسانی رژدوچروکێ وچاو چنوک رەحەتی لەمالی خوی نابینی بەهەر رەنگی بی‌خوادوژمنیکی‌وای بوتایەن‌ئەکا گوزەرانی‌لی تال‌بکا ،

حتى ئەولاد وخیزانی خوی لی ئەبن بە دوژمن . پینجەم انسان
کەبە بەخشش بوهەر گری یکی هاتەری زوبوی ئەکریتەوە . قرانجە
دینی بەکەشی ئەمە بەخوای تەعالی فەرموەنی : مثالی ئەوماڵە کە موسولمان
لەری خوادا صرفی ئەکەن وەکودانەییکە کەجوتیاری لەزەوی ییکا
بیچینی وەئەو دەنکەحەوت چلی لی سەوز بی وەلەهەر چلی گولی وەلەهەر
گولی صەد دەنکی پەیدا بی : کەبەم حسابە لەهەر دەنکی حەوت سەد
دەنکی دیتە بەرهەم . خولاصە جزای چاکە لەقیامەتدا تاحەوت صەد
چەندانەی لەریدا هەیە ، وەبو هەرکەسی کەخوا ئارەزوی لی بیلەو
ئەندازەیش زیاد ئەکات .

بیداربن : مادام کەخوای تەعالا مثـالی چاکەی بەنووی جوتیار
هینایەوە دەر ئەکەوی هەروەکو لەفلاحەتـا تاتوو چاکتروجوتیـار
وورياتر و جیکە جوتە کەباشتربی زورتر قازانجی ئەبی ، هــەر وا لە
احسانیشدا تالەوشتـەکە ئەبەخشری بەسودتر وئەو کەسەیی ئەدری
محتاج تروئەو کەسە خیرەکە ئەکا نیازی پاکتربی ، جزای زور ترە ،
دەرەجاتی جزالەم خصوصانەوە تفاوت ئەکا ، کەوابو هەرکەس بەخشش
بکا پیویستە لەم خصوصانەوە زورسەرنج بدا .

مەولانای جامی فەرمویەنی :

سود اگر بایدت زمایەی خویش
دست بخشش گشاو بخشایش
سودت اکنون ستایش فردا
درجوار خــدای آسایش

منیش نوسیومه :

تاجری طالبی حقیقت بی
پێی بلێن راه ورسمێ سودی حلال
یەک بەحەوسەد بدا لەدنیادا
لەقیامەت وەری گری بەکمال

حدیثی حەقدەهەم

(تهادوا تحابوا)

یەعنی: دیاری بۆیەکتر بەرن ، خۆشەویستی تان لەناوا پەیدا ئەبی .
ئاشکرایە انسان دیاری بۆهەرکەس بەری ، خۆشەویستی یان لەناوا پەیدا ئەبی .

ئاشکرایە انسان دیاری بۆ هەرکەس بەری بەئومیدی خوشە ویستی و ناسیاری ، سود ئەبەخشی . ئەگەر دیاری بۆ دوژمن بەری ، دلی لە دوژمنایەتی پەشیمان ئەبیتەوە ، وە ئامادە ئەبی بۆ ناسیاری و دوستایەتی ، وە ئەگەر بۆ کەسیکی دوستی بەری خوشەویستی و دوستی یان تازە ئەبیتەوە وە بەهیز ئەبی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

دوستی مغز و پوست دشمنی است
تا کی از مغز سوی پوست شوی
بهدایا کنند دادوستد
تا بهم زان وسیله دوست شوی

منیش نوسیومە :

نعمەتی گەربی لەدنیادا
دوستی ئەهلی رشدوتقوایە
دوستی وەکو بناو هدیە اساس
دیدەنی دوست وەکو چرا وایە

حدیثی هەژدەهەم

(آفة السماح المن)

یەعنی : دەردی سەخاوەت وبەخشش منەت دانانە لەسەر ئەو کەسە نعمەتەکەی پی ئەدری . واقعا انسان کە لەسەر نعمەتی خوی منەتی دانا لەدنیا وقیامەت تاجزای ئەفەوتی ، چونکە انسانی خاوەن نعمەت وەختی بەحورمەت تەماشای ئەکری کەباسی نعمەتەکەی خوی نەکا وەگابرروی نعمەت پیدراوە کازرابگری ، ئەرنا نعمەت بەهەرکەسی بدا وەلەناو خەلقاباسی بکا ، ئەوە چەجای ئەوە ئەو کەسە جەزای بەخیر بداتەوە ، وە سوپاسی نعمەتەکەی بکا بەدل ئەبی بەدوژمنی وە وەختی جەزای قیامەتی دەست ئەکەوی کەهەرچی ئەبەخشی بەنیازی رەزای خوابی وە لەسەر نعمەتەکەیش منەت دانەنی ، ئەرنا بە منەت دانان وئازاردانی هەژاران خیرەکەی بەتال ئەبیتەوە ، وە سودی نامینی ، بەگویرەی قرآنی شریف انسان ئەگەرقسەی خوش لەگەل هەژاران ولی قەوماوان بکا ، بەصدقە بوی ئەژمیرری .

بەلام صدقەیەک کەمنەتی لەسەردانی بی سودە وەبەگوناە بوی ئەنوسری ، ئەم حدیثە شریفە بەشیکە لەحدیثیکی دریژ کەمەعناکەی

ئەمەیە : دەردی زیرەکی وفصیحی زوبان دریژی یە لەسەر هاوری یان ، دەردی ئازای ظلم وزور کردنە ، دەردی بەخشش منەت دانانە ، دەردی جوانی خوبەباش زانینە ، دردی عبادەت تەمەلی یە ، دەردی قسەدرو کردنە، دەردی علم لەیاد بردنەوەیە ، دەردی حلم وحەوسەلە پەلەکردن و خورالە گرتنە ، دەردی شرف وپیاوەتی ، خولی بایی بونە ، دەردی سخاوەت اسراف کردنە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

کی بەنعمت کسی شود دل گرم
چون زمنت کنند دم سردی
غیر باد خزان منت نیست
آفت روضـــهٔ جوانمردی

منیش نوسیومە :

ئەهلی بەخشش کەئەهلی منت بو
بافریدی زمانە بی ، خرفە
لەبەرەو منتـەی بەئەمری خـوا
ئەجر ومالی بەدەفـەیی تلفە

حدیثی نوزدەهەم

(البلاء موکل بالمنطق)

یەعنی : نارەحەتی بەسراوە بەقسەوە .

بزانن: قسەکردن بوانسان واسطەی ناسیاری وئاشنایی ویاری یەدانی

ئادە میزادە ، قسە ئەسبابی پەیدا کردنی بەختیاری دنیا وقیامەتە ، قسە تەرازوی بەراورد کردنی پیاوەتی وناپیاوی‌یە ، وەکو مشهورە : (الـكلام صفة المتكلم) ، یەعنی : قسە ئەخلاق وخوو رەوشتی قسەکەر ئەگەینی . واقعا انسان تاقسە نەکا چونیەتی وخوورە وشت وطبیعەتی دەرناکەوی کەقسەی کردهەمو ئاشکرا ئەبن ، کەوابو ئەبی انسان لەقسە کردنازور بەپارێزبی ، وە هەروەختی ویستی قسەبی بکا لەپیشاووردا ببیتە وە ئەگەر سودی هەیە وە قسەییکی شرعی‌وبی زیانە ، ئەو جاریکا بویە حەزرەت ﷺ فەرمویەتی : (رحم الله امرء قال فغنم أو سکت فسلم) یەعنی : رەحمەتی خوا لەکەسی بو قسەبی بکا تازانجی لی‌دەست کەوی یادەنگ نەکا ولە ضرری قســە سەلامەت‌بی . تیگەـ یشتووان‌چەند ئادابیان بو قسە کردن داناوە ، یەکەم تاپیویستی بەقسە کردن نەبی نەی‌کا ، کەوابو لەخویەوە قسەی بی‌سود بەدەم‌یانەبی ، وە ئەگەر شتیکیان لەیەکی تر پرسی ئەم زو جواب نەداتەوە ، مەگەر ئەوکەسە جوابەکەی پی نەدریتەوە ، وە جوابی قسەکەیش پیویست‌بی ، هەروەها قسە نەخاتە ناو بەینی قسەی خەلقەوە تا گفتوگو تیك نەچی . دوهەم زیاتر لەئەندازەی پیویستی قسەنکا ، بوئەوەی نرخی نەشکی ، ئەلماس بەوگرانی بهای‌یەکەهەیە مادام زور بو قیمـەتی ئەشکی . بویە عاقلان ووتویانە انسان هەمیشە عقلی بەسەر قسەیا زال بی چاترە لەوەقسەی بەسەر عقلیا زال بی . سەهم لەپیش قسە کردنا بیر بکانەوە لەقسەکەیا تاقسەییکی‌ریك وپیکی واکەبو ئەو وەخت وجیگایەدەست بدا بدوزینەوە ، وەکو ووتویانە : « هر سخن جایی وهر نکته مقامی دارد » ومقسەکە لەدلی خویا لیك بداتەوە نەوەکە لەپاشا ضرری

لێبینی وەکو ووتویانە قسە لەپێش کردنا وا لە بەندی خانەی ئنسانا ، لەپاش کردنی ئنسان لەبەندی خانەی ئەوایە . چوارەم : قسە ئەبێت لە ئەندازەی شانی‌خاوەنەکەیابێت تا لە وەختی‌ئیش کردنا رو زەردنەبێت . پێنجەم : هەرقسەێ ئەکا بەلەفظێکی سەهل‌وسادە وە بەئارام‌ولەسەر خۆ بیکا تا هاورری کەی باش لەقسە کەی بگا .

بیداری : خراپ ترین وگوناه ترین قسە سەعایت ، غەیبەت ، نمیمە ، درو ، جوێنە . سعایت ئەوەیە ئنسان ناوی کەسی بیا بە رەنگی ئەوکەسە پێی ناخۆش بێ ، نمیمە ئەوەیە ئنسان قسەی هەندی کەس بەری بولای هەندیکی‌تر بەنیازی ئەوە ناوبەینیان تیک بدات ، درو ئەوەیە ئنسان دەنگ‌وباسی ناراست بگێرێتەوە ، جوین ئەوەیە ئنسان بەقسەی‌نامناسب وناشیرین ئابروی‌خەلق ببا وەعەیب‌وکەم وکورری‌یان بداتە پال ، زیان وخراپەی ئەمانە بونوسین ناشێن ، ئەم چەشنە قسانە بنچینەی تیک چونی شیرازەی دوستی‌ویەکیەتی‌ومایەی پاش کەوتنی ئنسانن لەهەمو تازانجیکی دینی ودنیایی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

هرکەشد مبتلا بە پرگویی
بەبلای عجب گرفتار است
هربلایی کەمیرسد بەکسان
بیشتر از ممر گفتار است

منیش نوسیومە :

بەمثل سەر ئەمیرە دل مەخزەن
دەم وەکو قاپی‌یە زوبان حەرەسە

کەرەسی ناڵەمیق دەرگا بو
زەحمەتی پادشا هەمو عبسە

حدیثی بیستەم

(کفی بالمرء اثماً ان یحدث بکل ما سمع)

یەعنی: بەسە بو گوناهی پیاو ئەمەهەر قسەیێکی بیەت بیگیریتەوە .
بەم مەعنا ئەگەر انسان هیچ گوناهیکی نەبی لەمە زیاتر کەهەرچی
بیست بیگیریتەوە ئەمەی بەسە چونکا ئەمە گوناهیکی گەورەیە .
مقصود ئەمەیە پیویستە انسان هەر قسەیێکی بیست لەپیشا تەماشای
بکا ، ئەگەر لەریگەیێکی باوەرر پی کراوەوەنەبو گوی پی نەدا ،
وە ئەگەر لەریگەیێکی راستەوە پیی گەیشت ئەم جار بیر بکاتەوە
ئەگەر لە گیرانەوەی داسودیکی دینی یادنیای بو بیگیریتەوە ئەناوازی
لی بینی ، چونکە لە گیرانەوەی قسەی خرابە وە زور کەس توشی دەردو
بلابون ، پیویستە انسان ئەم ملاحظەیەی لەیادنەچی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

مودرابس همین گنه کەقدم
ازمقر امان نهد بیرون
هرچەآمد درون روزن گوش
از مردهان دهد بیرون

منیش نوسیومە :

هەرچی بیستت لەسەر قیاس ونظر
هەل بژیرە لەوا ئەوی چاکە

حەیفە گیرانەوەی هەمو قسەیەك
شەررە یا خیرە بیمە یا پاکە

حدیثی بیست و یەکەم

(كثرة الضحك تميت القلب)

یەعنی : پیکەنینی زور دل ئەمرینی .

چونکە پیکەنین و کەیف خوشی و گالتەی زور دل دور ئەخاتەوە لەیادی خوا ، وە مادام انسان لەسەر ئەم حالەتە مایەوە دلی وا رەش ئەبیتەوە لە فیربون و تی گەیشتن ئەکەوی ، وەبەطبیعت وەکو مردوی لی دی کەبو ئەوە ناشی هیچ وەرگری .

بزانن : پیکەنینی زورلەبی‌ئا گایی یەوە پەیدا ئەبی ، ئەنا ئەگەر انسان ئاگای لەنارەحەتی مردن وبەجی هیشتنی مال ومندال ودەس و پیوەند بی ، وە یا لە نارەحەتی حساب و کتاب وعذابی روژی قیامەت وورد ببیتەوە ، وە یاخود بیری ئەوە بکانەوە کە دوژمنانی دین ومیللەت هەمیشە وان لەسەر مەیل وئارەزوی هیرش بردن بوسەر موسولمانان وە ئەیانەوی لەناویان بەرن وەبی‌یان کەن بە بەندەی خویان وە ملك ومال‌وسەروەت یان لەدەست وەربگرن وەکو ئیستا لە پیش چاومانا ئاشکرایە ، قەت بەپیکەنینی زور وگالتە وکەپ عمری خوی صرف ناکا وە شەوو روژخەریکی ریکخستنی ئەسبابی بەرهەلستی ودفع کردنی دوژمن ئەبی . تەماشا ئەکەین هەرکەس مشکلەییکی بیتە ری تا حلی نەکا تامی استراحەت ناچەژی وەخوشی لە خوی حرام ئەکا ، زور پیویستە موسولمانان لەم مثالە ئاشکرایەوە

ئاموژگاری وەرگرن وەلەم وەختە نالەبارەداخویان بەرابواردن و شتی بی کەلکەوە نەخلافینن وەلەعاستی وولاتەکان یانا چاونەنوقینن .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

خرم آنکس کەبهر زندە دلی
زیرلب خندەرا بگیراند
خندەکم کن کەخندۀ بسیار
صددل زندەرا بمیراند

منیش نوسیومە :

خوزگە بەونفسە طالبی یادە
هەر بەیادی خوا دلی شادە
خەندە ناکا نەکا دلی بمری
بەتبسم دولیوی ئازادە

حدیثی بیستودوەهەم

(العدة دین)

یەعنی : وەعدە قەرزە

بەم مەعنا کەسی وەعدەیدا بەکەسی کەفلان جاکەت لەگەل ئەکەم بەگویرەی دوستایەتی اسلامی پیویستە لەسەری ئەو فرمانە جیبەجی بکا ، هەر وەکو قەرزار واجبە ئەو قەرزە کەلە سەریەتی بیداتەوە .

وەفا بە وەعدە لەدیانەتا زور بەمەم ناسراوە خوای تەعالا لەقرآنا تعریفی حەزرەتی اسماعیلی بەوە کردوە کەلەوەعدە دا راست گو بووە ؛ امامی غزالی رەحمەتی خوای لی بی فەرمویەتی: حەزرەت ﷺ بوچاوەروانی

کابرایێک سەروژ لە جێگاییکدا مایەوە چونکە وەعدەی پێ دابو .

بزانن : انسان کە وەعدەییکیدا پیویستە دلی لەسەر ئەوەبێ تالە دەسەلاتیابێ وەفا بەو وەعدەیە بکا ، ئەنا ئەگەر بەدەم وەعدەبدا وبەدل نیازی نەبێ بیباتە سەرئەوە بەمنافق ئەناسری ، وەکو حەزرەت ﷺ فەرمویەتی : (ثلاث من کن فیه فهو منافق وان صام وصلی وزعم انه مسلم ؛ إذا حدث کذب وإذا وعد أخلف وإذا ائتمن خان) .

یەعنی : سەرەوشت هەن هەرکەس ئەو رەوشتانەی تیابێ ئەوە منافقە ، با روژو بگری ونوێژیش بکا وخویشی بەموسولمان بزانێ ، رەوشتەکان ئەمانەن : وەختی قسەی کرد درو بکا ، وە وەختی وەعدیدا بەپیچەوانەی بجولیتەوە ، وەختی بەئەمین دانرا لەسەرشتی خەیانەتی تیا بکا ، بەلام وەختی خلاف وەعدەی بەمنافق ئەناسری کەلە کاتی وەعدەکەدا لەدلیانەبوبێ بیباتەسەر . انسان کەوەعدەی داولە دلیا بو کە وەفای پێ بکا پیویستە ئەو نیازی دلیە بینیتەدی مادام عذریکی معقول ریی لی نەگری ، چونکە انسانی خلاف وە بەدروزن دەر ئەچی وە شرف و اعتباری لای خەلق نامینی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

مردرا هرچه بگزرد بەزبان
عیب باشد ورای آن کردن
وعده درذمه کرم قرض است
قرض باشد ادای آن کردن

منیش نوسیومه :

وەعـدە عنوانە بوشەرافەتی پیاو
وەعدە میزانە بوجەوانـ مەردی
لایقە بووەفا بە وەعـدە ، برا
سەری خوت دابنێی ئەگەر مەردی

حدیثی بیستوسەهەم

(النظرة سهم مسموم من سهام ابلیس)

یەعنی : تەماشا کردنی ژنی نامەحرەم بەبی ضرورەتیکی شەرعی تیریکی زەهراوی‌یەلەتیرەکانی شەیتانـ .

لەواقعا ئەم حەدیثە شریفە مناسبەییکی جوانی‌دەربریوە ، چونکە هەر وەکو تیریکی زەهراوی بدری‌لەلەشی انسان بازامە کەشی ئەوەندە نەبی انسان بکوژی ، بەلام بەتأثیری زەهرەکە گوشتی لەشی‌انسانـ دائەرزیێ ، هەر بەورەنگە گوناهی‌تەماشا کردنیش بائەوەندە‌رەجەدا نەبی انسان بەهەوتینی بەلام ئەو تەماشا کردنە ئارەزولە دلی انسانـ دا ئەبزوینیتەوە وەئەوئارەزووە ئەبی بەباعثی تەماشا کردنیکی تر وەهەر وەها تا انسان توشی‌فرمانی‌ناشیرین ئەکاوابە تەنینەوەی تەماشا کردنی یەکەم انسان فەوتا . سەرەرای ئەمە انسان کەتەماشای هەر ئافرەتیکی کرد ئەگەر تەماشا کراوەکەجوان نەبو دلی انسانـ بەو گوناهەدا ئەگیری ، وە ئەگەر جوان بوسەرەرای گوناهـەکە توشی مەراقو خەمو‌خەفەت ئەبی وە ووردە‌ووردەئەومەراقە وەکو تیری زەهراوی چون‌ئەتەنیتەوە ئەویش هەروەهالەجگەری انسانا ئەتەنیتەوە وەانسان

توشی دەردی جگەر ئەکا ، وادەرکەوت کەتەماشا کردنی نامەحرەم
بەحەقیقەت تیریکی زەهراوی‌یە .
مەولانای جامی فەرمویەتی :

دیدن خال‌وزلف نا محرم
دانه‌ٔ کیدودام تلبیس است
هر نظر ناوکیست زهر آلود
کەزشصت کمان ابلیس است

منیش نوسیومە :

نظری خال‌و زولفی نامەحرەم
تیری شەیتان ونەفسی بەدکارە
نەك بەتەنها زەرەر لەدینی ئەدا
جگەریش بەو نیشانە زامارە

حدیثی بیست‌وچوارەم

(خصلتان لایجتمعان فی مؤمن ، البخل وسوء الخلق)

یەعنی : دووشت هەن بەتەاوی کونابنەوە لەانسانیکا ایمانی تەواوی بی ،
یەکەم رژدی دوهەم بەد خویی‌یە .

رژدی‌ئەوەیە انسان‌مال‌صرف نەکا لەجیگای خویا ، لەرژدی‌یە نەدانی
ئەو حقوقانەکە خوادای‌ناون وەکوزەکات ، سستی کردنی دەوڵەمەند
لەدانەوەی قەرز ، خوگرتن لەخەرج کردن بو گوزەرانی خیزان ،
گوی نەدان بەخزمەتی میوان و بیگانە ، نائومید کردنی هەژاران‌و
لی قەوماوان .

بزانن : رژدی چەندە دەرەجـەی هەیە ، هەندی کەس ئەوەندە رژدی یەکەیان زورە هەر وەکو خویان هیچیان لەدەست نابیتەوە ، ئەگەر کەسیکی تریش بەخششی بکا ئەمان پی یان ناخوش ئەبیت . هەرچەند رژدی بەصرف نەکردنی مال مەعنای لی دراوەتەوە ، بەلام بەحەقیقەت گەلی شتی تریشە ، وەکو مەنع کردنی علم لەمستحقان رژدی یەکی زورزیان دارو گەورەیە .

بەدخوبی کلمەیەکە هەموسوکی وخراپەییک ئەگریتەوە هەر وەکو خوش خوبی کلمەیەکە هەر چی رەوشتی چاکەیە ئەی گەیینی وەکو : راستی، پیاوەتی، چاوپوشی، ئەدەب، رەحم، روخوشی، حەیا، داوین پاکی ، خوراگرتن، سوپاس، نیازچاکی، دەرون پاکی ، عزەتی نەفس، ئاسباری ، وەگەلی شتی تر ، وەهەرچی پیچەوانەی ئەمانەی بی بەد خوبی یە .

بیداری : لەپاش رەحمی خوا مەزن ترین ئەسبابی خوش خوبی هەلسان و دانیشتنە لەگەل ئەوکەسـانە کەخوورەوشتیان بەرزە ، نیشانەی ئەوانیش مانەوەیە لەسەر شوین کەوتنی رەفتاری پیغەمبەر ﷺ .

مەولانای جامی ئەرمویەتی :

بذل کن مال وخوی نیک ورز
راه ایمانـــ اگر همی پوئی
زانکه در هیچ مؤمنی باهم
نشود جمع بخل و بد خوئی

منیش نوسیومە :

هەرکەسی حەز ئەکا لەرەحمی خوا
باسـەخی بی و شریف و بی ئازار

چونکە گیراوە ڕێی موسولمانی
لەدلی پیاوی ڕژدوبەدرەفتار

حدیثی بیسوپینجەم

(طوبی لمن شغلہ عیبہ عن عیوب الناس)

ئەم حدیثە بەشیکە لەحدیثی کەعبارەتە کەی ئەمەیە : (طوبی لمن شغله عیبه من عیوب الناس وانفق الفضل من ماله وامسك الفضل من قوله ووسعته السنة) ، یەعنی : خوزگە بەوکەسە تەماشا کردنی عەیبی خوی ڕێی لی بگری لەناو بردنی عەیبی خەلق ، وەهەرچی زیاد لە گوزەرانی خوی وخیزانی هەبی صرفی بکا لەڕیگای خوادا ، وە قسەی زیادوبی سودی خوی بگری ونەی لی ، وە لەڕەوشت وڕەفتاراشوینی پیغەمبەر ﷺ بکەوی.

شتیکی ئاشکرایە کەهەموکەس لەسەر حالی خوی ئاگادارترە لەئەحوالی غەیری ، وەخوای تەعالا نارازی بەعەیب وگوناه لەهەر کەسیکەوەبی ، بنا لەسەر ئەمە حق وایە انسان خەریکی تەماشا کردنی عەیبی خوی بی ، وەدەس نەپابو کەسیکی تر چونکا بەم صفتە انسان دو سودی دەس ئەکەوی ، یەکەم ئەمە مادام انسان بەگوی پیدانەوە لەعەیبی خوی وورد بووەوە ، وەچەندوچونی لەگەل خویا کرد ترسی خوا پەیدا ئەکا وە لە گوناه دەس بەردار ئەبی . دوهەم ئەمە کە انسان خەریکی چاك کردنی حالی خوی بوسەری نایەرژی تەماشای عەیبی باقی موسولمانان بکا ، بەم وەسیلە لەخراپەی غەیبەت وبوختان وسوەی ظن پاریزراو ئەبی .

بیداری : مقصود لەم حدیثە شریفە هەل نانی موسولمانانە لەسەر

تەماشا کردنی عەیبی خویان و هەول دانیان بوپاك راگرتنی دەرون - یان لەخراپەو شورەبی ، ئیتر مقصود ئەمەنیە انسان لەعەیبی خەلق بی دەنگ بی ، چونکە بەگویرەی شرع پیویستە هەرکەس دەستی برواو لەدەسەلاتیابی هەر گوناه وخراپەییکی چاوپی کەوت لەهەر کەسیکەوە بونەی هیلی ، وە بەهەمو وەسیلەییك ، بونەهیشتنی تیبکوشی بەدەس یا بە زوبان یا بەدل چونکە ئەمر بە چاکە ونهی لەخراپە فرضی کفایەیە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ای خوش انکس بەعیب بینی خویش
پیشوای هنروران گردد
عیب اوپیشی دیدەودل او
پردە عیب دیگران گردد

منیش نوسیومە :

بەر لەوەی باس عەیبی خەلق بکەی
خوت لەعەیب وخراپە دور خەرەوە
وانەکەی ، هەر نصیحەتی ئەیکەی
پیت بلین ئەم نصیحەتەت بەرەوە

حدیثی بیست وشەشەم

(الحزم سوء الظن)

یەعنی : بیری ساغ ئەوەیە کە بەدگومان بی لەگەل ئەوانەی کە گومانی خراپەیان پی ئەبری .

یەعنی : پیویستە بو انسان ، بەتایبەتی ئەو کەسانە کە خاوەنی جیگەوریگەن،هەموکەس وەکو یەك تەماشانەکەن وەبەبی لی کولینەوەو تحقیقات باوەڕیان بەهەموکەس نەبی وە لەسەر نهینی دلی خویان ئاگاداریان نەکەن .

ئەم حدیثە مبارکە زور نصیحتیکی بەرزو بەسودە موسولمانان لەم خصوصەوە زور قصوریان کردکە لە ئەطرافی دنیاوە دل سافی وسادە ـ لەوحی یان هینایە پیشەوەتا هەمو بیگانەکان لەبیرو باوەڕیان گەیشتن وەلەهیزو بی هیزی یان ئاگاداربون ، وە رەخنەیان خستە کاروباری دین ودنیایان،وە بەجاری بەسەریانا زال بون ، زور کەسی گەرروك و دنیا گەرد بەناوی خواناسی وپیاو چاکی یەوە خویان پیشانی خەلق دا وەبەهەمورەنگی سود یان لی وەرگرتن ، دوایی حقیقتیان بەپیچەوانەی ادعاکەیان دەرکەوت ، چەند لە بیگانەکان سەر وگوپلاکی خویان گورری وە بەناوی بازرگانی وزیارەت وسەیاحەتەوە گەرران بەدنیادا ، وەموسولمانان بەدل سافی لەسەرهەمونهینی یەکانی خویان ، ئاگاداریان کردن . ئەم کردوەوانە پیچەوانەی ئاینی اسلامن ، انسان ئەبی شعوری ببی ئاگادار بی لەقازانج وضرری خوی ونیشتمان و میللەتەکەی .

بیداری : خەیالتان نەرروا ئەم حدیثە پیچەوانەی ئەو ئایەت و حەدیثانەیەکە مەنعی یان کردوە لەبەد گومانی ، چونکا ئەوانیش جیگەی خویان هەیەوەعلما لەم باسەدا تحقیقاتیان کردوە ، فەرمویانە بشرسە نوعە ، نوعیك چاکەی ئاشکرا وتجربە کراوە،نوعیك خراپەی دیاری یە ، نوعیك نە چاکەی نە خراپەی دیاری نی یە . نوعی یەکەم

پیویستە ئنسان خەیالی لەگەڵ یان باش بی، ئەگەر دەفعەیی بەریکەوت خراپەییکیان کرد یاپاساوی بدا یا بەسهووزەڵەی دابنی وە بەتەنها ئەوخراپەیە خەیالی خوی لەگەڵیانا خراب نەکا. نوعی دوهەم پیویستە هەمو کاتی ئنسان خوی بپاریزی لییان، ئەگەر جاری جاکە ییکیان کرد بەوجارە هەڵ نەخەلەتی وە فریب نەخوا. مەشهورە مار جاربەجار سرره، پیشینان وتویانە: مارگەراز فرری ئەدا بەلام طبیعت فرری نادا، زیاد لەمەش ئەوکەسانەکە لە سەرفکری تەفرەدانی خەلقن مجبورن بەوەکە ظاهرا خوش خوبی بیننەوە پیشەوەتا بەئارەزوی شوی خویان ئەگەن. نوعی سەهەم یەعنی ئەوانە کەحالیان بەنهانە ئەوانیش بەشیکیان بەزیرەکی وعقل یایە واسطەی وورد بونەوەلە بعضی نیشانە حاڵ یان دەر ئەکەوی وەکو سەرنج دانی حالی ئەوانەی کە لەگەڵ یانا هەڵ ئەسن ودائە نیشن، وە وەکو مبالات وبی مبالاتی بەأحکامی دین، ئەمە دوبارە وەکو دونوعە پیشووەکەی لی دیتەوە، بەشیکیشیان ئنسان بوی ریك ناکەوی تحقیقی حاڵیان بکا وە ظاهرا نیشانەی خراپەو چاکەیان دیارنیە، ئەوانە ئنسان بەبی دلیل ناتوانی بەچاك یا بەخراپیان بزانی بەلام پیویستە لەگەڵ ئەمە احترامیان بگری وە بەدل پاکی تەماشایان بکا، احتیاطیشی بی تاوردە وردە حاڵیان دەر ئەکەوی.

مەولانای جامی فەرمویەتی:

حزم مرد آن بود کە در همە وقت
در حق خلق بدگمان باشد
در همە کار احتیـــاط کند
تا ز هر کید در امان باشد

منیش نوسیومه :

تیگەیشتن ئەوە نی‌یە بە دەوام
نیازی خوت لای هەمو کەسی دەرخەی
تیگەیشتن وەهایە وریابی
لەقسەتدا کە بویەکیکی نەکەی

حدیثی بیست وحەوتەم

(لا یلدغ المؤمن من جحر واحد مرتین)

یەعنی : انسانی موسولمان لەکونیکەوە دو جار ناگەزری .

ئەم حدیثە مبارکە أدبیکی کومەلایەتی بەموسولمانان پیشان ئەدا ، وە مەعناکەی لەصورەتی نهی دایە ، ئەفەرموی انسانی مسلمان ئەبی هەمیشە وریاوبە احتیاط بی لە کاروباری دین ودنیادا وەخوی گیل نەکابو انسانی فیل باز تاهەرکاتی بوی ریکەوی تەفرەی بدا ، چونکا کەسی حالی وابو هەمیشە دەس وپیوەندی وان لەضرری دین ودنیادا .
مشهورە پیاوی رویشتە خذمەتی امام احمد خوای لی رازی بی عەرزی کرد لەدولاوە لەشکری اسلام غەزاکەن ، سەر کردەی لەشکریکیان زور بەکفایەت وئاگادارە بەلام خوی پیاویکی زور چاک نی‌یە ، وەسەر کردەی لەشکرەکەی تر زور پیاویکی چاکە ، بەلام لە کاروباری شەررا زور وریانی‌یە ، وە من ئارەزوی غەزام هەیە شوینی کامیان بکەوم ؟ امام احمدیش فەرموشوینی ئەوسەر کردەیانە بکەرە کەوریاوی گەیشتووە ، چونکە باخوی پیاویکی زورچاک نەبی بەلام بو میللەتی اسلام قازانجی هەیە ، وە لە شکرەکەی لەسەرکەوتنایە ، ئەم سەر کردە کەی تر باخوی

پیاویکی زور چاك بی کەبی کفایت وکار لی نەهاتو بو خوی وشوین کەوتوەانی وان لەتالوکەدا . ئەم حدیثە زور پەیوەندی بەحدیثی پیشووەوە هەیە ، لەحدیثی پیشو ئەمە دەر ئەکەوی انسان احتیاط بکا لەو کەسانە کەبەد ئەخلاقن ، وە لەو کەسانە کەناپان ناسی نەوەك زیانیکی توش بی ، وە ئەم حدیثە ئەوە پیشان ئەدا ئەگەر انسان بەواسطەی دل صافی خویەوە جاری زیانیکی توش بو لەکەسیکەوە ئەو جارە لەبەر نەشارە زایی چاو پوشی لی ئەکری ، بەلام بو جاری دوهەم گلەیی لەسەر خویەتی وە لومەی خوی ئەکری چونکە ئەبو لەپاش جاری یەکەم عبرەتی بگرتایە .

بیداری : حەزرەت ﷺ ئەم حدیثە مبارەکەی بەیەکی لەبت پرستەکانی عرب فەرموکە ناوی ابو عزە بو ، پیاویکی شاعر بو ، ذمی موسولمانانی ئەکرد ، تا لە غەزای بدر بەدیل گیرا ، کەبر دیانە خذمەتی پیغەمبەر ﷺ زور پاررایەوە ، وە ووتی خیزانم زورە ئەم جارەلیم ببورە لەمەولا هەرگیز ذەمی موسولمانان ناکەم ، وە زیانیان لی نادەم ، حەزرەت ﷺ بەگویرەی رەحم وشفقت ئەوجارە بەرەللای کرد ، ابو عزە دیسان دەستی کردەوە بە ذەمی موسولمانان تالە غەزای احدا بەدیلی گیرایەوە ، ئەم جارەش دەستی کردەوە بەعذرهینانەوە وپاررانەوە بو بەرەللابون ، حەزرەت ﷺ ئەم جارە عذرەکەی قبول نەکرد وە ئەم قسەیەی فەرمو وە فەرموی نابی ئەم جارەش بەرەللابکری تا بلی دو جار بەفیل خوم لەدیلی موسولمانان رزگار کرد .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

دگر ازوی مدار چشم وفا
هرکه بروی در جفا گستاخ

زانگه هەرگز دوبارە مؤمن‌را
نگزد مار دریکی موراخ

منیش نوسیومە :

باشە کاری قضا وەلی بەخوا
حەیفە گیل لەحد ئەوەندە بەدەر
لەکونیکو بدا بە انسانو
دوکەررەت ماری حیلە باری بشر

حدیثی بیست‌وهەشتەم

(السعید من وعظ بغیره)

یەعنی : بەختیار کەسیکە لەپە کیکی‌ترەوە عبرەت وەربگری .

عبرەت گرتن بەغیر صفتیکی زور باشە ، پیویستە انسان لەدنیادا عبرەت گربێ ، هەرکەسیکی چاوی کەوت لەریگاییکەوە زیانی توش بو خوی لەوریگەیەلادا ، کەزانی کەسیک لەخلاف وبەدخوی‌یەوە توشی غضب وقهری خودا بووە لازمە ئەویش ئەو کردەوانە لەخوی دور بخاتەوە ، ئەگەر لەچەرخیکا لەدەستی خیلیکی دل پیس وبی انصافا گیرودە بو نەلاش بکا بو رزگار بونی خوی لە دەس یازوە لەباقی ژیانیا تەفرە نەخوا ، مەشهورە : کوسە بەندیکی بینی وپەندیکی گرت ، پیویستە لەسەر انسان روداوەکانی زەمانی وەکو تاریخ بنوسی وەلای خوی رای بگری ، تا خوی وفامیل‌وهاو نیشتمانەکانی‌لەچەشنی ئەورو داووانە بەدور بن ، ئەومیللەتانە کەئیستا گیرودەی ستەمی زور دارن ئەگەر تاریخی‌روداوەکانی صەدسال لەمەو بەریان بە دەرس بخویندایە

وە بیریان لی بکردایەتەوە ئیستا حالیان وای لی نەئەهات ، چونکا واقعاتی زەمانەزور ئاموزکاری کەریکی بەکارە ؛ بویە عاقلان فەرمویانە : (من لم یؤدبه ابواه یؤدبه الدهر) ، یەعنی : کەسی باوك ودایکی ئەدەبی نیشان نەدەن زەمانە ئەدەبی پی نیشان ئەدا . بویە زور گەورەی طائفە بورن پارراونەتەوە لەخوا کە طائفە نەزانەکەیان گیرودەی نارەحەتی بکا تا بیدار بنەوە .

مهمترین ئەسبابی عبرەت وەرگرتن سەشتە ، یەکەم گیرودەبون بەزەحمەت ، دو هەم لی کولینەوە لەتأریخی رابوردووان ، سەهەم سەیاحەت وگەرران بەدنیادا .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

نیك بخت آن کسی کەسی نبرد
رشك برنیك بختی دگران
سختی روزگار نا دیدە
پندگیرد زسختی دگران

منیش نوسیومە :

عاقبەت خیرە هەر کەسی بگری
عبرەت وموعظە بەچەرخی زەمان
بەندی دنیا بکا بەبەندی دلی
حەبسی یاران بکا بەمەشقی ئەمان

حدیثی بیست ونوهەم

(کفی بالموت واعظا)

یەعنی : بەسە بو انسان ئاموژگاری کەریکی وەك مردن .

واقعا مقصد لەئاموژگاری کردنەوەیە نەصیحتی انسان بکا وئەدەبی دا بدا وە شارەزای بکا بوریگای خیرو روشنایی وە لەخرابە وگوم ـ راهی بیگیریتەوە . شتیکی ئاشکرایە هەرکەس بیر بکاتەوە لەمردن ، وە لەرەحمەتی بەجی هیشتنی ئەولادو خیزان و علاقەی خوی وورد ببیتەوە ، وە باوەرری بی مادام کردەوەو خوو رەوشتی خراپ بی ، لەپاش مردن گیرودە ئەبی بەعذاب وزەحمەت ئەوەندە پەند ئەگری کەصەد واعظی گەورە ئەوەندە ئاموژگاری دانەدەن ، بوبە قرآن بەو گەورەیی و بلاغەتە کەهـــەیە ، وە لەگەل ئەو هەمو پەندو ئاموژ گاریەی کەتیایدایە حەزرەت ﷺ لەموعظە کردنا بە هاورریی مردنی داناوە ، وەکو بەعضی لەحادیثی شریفە ئەمە ئەگەیینی کە فەرمویەتی : « من دو واعظم لەناو ئیوەدا بەجی هیشتووە ، بەکیکیان گویاو قسەکەر ، ئەوی تریان خاموش وبی دەنگە ، قسەکەرەکەیان قرآنە ، بی دەنگە ـ کەشیان مردنە » ، بنا لەسەر ئەمە زور پیویستە انسان لەهەر روژیکا چەند جار بیری مردن بکاتەوە ، بەلـکو دلی روبکاتە کـــردەوەی جوان وبەگوی کردنی شرع .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

چند گیری بەمجلس واعظ
بی منـبر پی گرفتن پند
وعظ تو بس بەمرگ همسایە
نعرە نوحە گر بەبانگ بلند

منیش نوسیومە :

گەر هەتە فکرو معرفت بەخودا

نابەی ئوعظـەی سەری منبر
مردنی قوم و خویش و دوست و برا
واعظانیسکە بەدەهشت و رەهبـەر

حدیثی سی‌هەم

(لعن عبد الدینار لعن عبد الدرهم)

یەعنی : دور خراوەتەوە لەرەحمـەتی خوا ئەو کەسەی کەبەندەی دینار و درهەمە .

ئەم حدیثە مبارکە دەربارەی ئەو کەسانە هاتووە کەلە چاودیری خلیفەی موسولمانان دان ، وە هەتا خلیفە پارەیان ئەدانی لێی راضین وە بەگوی ئەکەن ، وە هەروەختی پارەیان نەدانێ لێی راست ئەبنەوە ، بەکورتی خذمەت کردنیان بو پەیدا کردنی پارە و پولە ، نەک بو ئەوە کەلەی حق بەرز بیتەوە ، هەر چەند ئەم حدیثە دەر بارەی ئەو نەوعە کەسانە ووتراوە ، بەلام چەند صورەتی تریش دائەگریتەوە ، یەکەم ئەو کەسانە کەبەندەی مالی دنیان ، لەهەرلایی وەلای هەر کەسی مال یان دەس کەوی شوینی ئەکەون بائاییینشیان لەناوبچی ، مثـلا زور کەس هەن لەبەر کەم گوزەرانی دەس بەرداری کاسبی حلال ئەبن وە وظیفەی حرام قبول ئەکەن ، دوهەم ئەو کەسانە لەبەندەگی خوا دەس بەردار ئەبن وە گوی نادەن بەجی بەجی کردنی حقوقی شرعی ، نەوەک مالەکەیان بفەوتی ، وە نویژ و واجباتی دینی ئەفەوتینن . سەهەم ئەو کەسانە لەشوینیکا بەئەندازەییک ثروەت و پارەیان هەبە ، هەرچەندلەوجیگەدا توشی ذەلیلی دینی ودنیایی ئەبن وە هەتکی شەرافەتیان ئەکری ،

لەبەر ملاحظەی مالەکەیان قبولی ئەکەن ، وە لەوختا کو بومە بەجی ناهیلن ، چوارەم ئەو کەسانەکە بو دەس خستنی مالی دنیا میللەت و نیشتمانی پیروزی خویان ئەفروشن بەبیگانە ، وە بەعقلی ناتەواوی خویان وا ئەزانن ئەو ثروەت و مالە تا دنیایە هـەر ئەمینی وە خوشەویستی بیگانە ـ کان بویان بەردەوام ئەبی وەلەوە وورد نابنەوەکە هەر وەختی ئەو هوزمنانە لەوجیگەیەدا دامەزران هەر پارەیێکیان صرف کردوە بەزیادەوە وەری ئەگرنەوە ، وە پیچەوانەی ئارەزوی ئەوان ئەیان کەن بە بەندەی خویان ، ئەمجار هەرچی تەلاش بکەن رزگار نابن وە لەوجیگەدا بەذەلیلی ئەمرن . پینجەم ئەو کەسانە تامالی دنیایان زورتر بی زیاتر ئەکەونە مەراقەوە ، وە هەرگیز دەسیان ناررواتە مالی خویان وە صرفی ناکەن ، فقط وەکو مشك پارە ئەدزی وەلەسەری ئەنوی ، بەوچەشنە لەگەل مالەکەیان ئەمیننەوە تالە کوتوپرا ئەمرن ، هەندیکیان مالەکەیان گوم ئەبی وە کەس نایدوزیتەوە ، هەندیکیشیان ئەکەویتە دەستی چەند کەسیکی وەها هەرگیز بەخیری دین نەخیری دنیایان بو ئەم کابرایە نابی . کەدەرکەوت خزمەتکاری مالی دنیا وا خراپ و ناشیرینە ، پیویستە انسان خزمەت کاری خوا بی وەدینار و درهەمی بو دەست خستنی بەختیاری بو خوی و انسانیت بی ، وەبی یان کا بە ئەسبابی رزگاری خوی لەدنیا و قیامەتدا ، وە لەریگای میللەت و دین ونیشتمانی خویا صرفی بکا وە شرافەت وئازادی خوی بی رابگری ، تالەدنیادا بەئازادی بژی ، وە لەقیامەتا سەر ئەفراز بی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

گرچە هست آفتاب رحمت حق

شامل ذره ذرهٔ عالم
باد ازان دور بندهٔ دینار
باد ازان دور بندهٔ درهم

منیش نوسیومه :

باشه دینـــار و درهەی نافع
بو دەوای حـاجەتی بشری
لـکن ئەو ذاته ئەی پەرستی بەدل
لەهـەمو رەحمەتی خودایه بەری

حدیثی سی و یه کەم

(الدنیا ملعونة ، ملعون مافیها الاذکر الله وماوالاه وعالماً أو متعلماً)

یەعنی : دنیا وهەرچه لەدنیادایه دورن لەرەحمەتی خوا الا بیرویادی خوانەبی، وهەرشتی بەشوینی ئەوابروا،وه کەسیکی عالم کەقازانج بگەیینی بەخەلق ، وه کەسی خەریکی فیربونی ئەو علمه بی ، لەگەلی ئایەت وحدیثا ذەمی دنیا وما فیها کراوه وه لەزوریشیانا تعریف و مدحیان کراوه . خولاصەی کلام لەم باسەدا ئەمـــەیه هـەر دنیایی ئەسبـــابی بەختیاری انسان بی ، بەم رەنگه لەریگەی شرعیەوه پەیدا بکری ، وه لەریگەی کامەرانیدا صرف بکری ، ئەوه ممدوح وجوانه ، وههەر دنیایی وانەبی بەم رەنگەلەریگای خلاف شرعەوه پەیدا بکری ، وه یاخود لەریگەی شرعیەوه صرف

ئەگری ئەوە مذموم وناشیرینە . ئیتر مقصود لەم حدیثە ئەمە نی یە انسان خەریکی کاسبی نەبی ، چونکە عقل شتی واناگونجینی ، وە لە چەند ئایات وحدیثا امر بە ئامادە کردنی ئەسبابی بەرهەلستی دوژمن کراوە ، وە ئاشکرایە بەرهەلستی دوژمن بەبی دەولەمەندی زەحمەتە ، وە لە بعضی حدیثا ریگامان نشان دراوە بو ئەوەلە پەیدا کردنی دنیادا حالمان وابی وابزانین هەرگیز نامرین ، تابە هەول ودل گەرمی خەریکی کاسبی ببین .

مەولانای جامی فەرمویەنی :

هدف لعنت خدای آمد
دنیا وهرچه هست در دنیا
غیر ذکر خدای صاحب ذکر
دردوعالم بەرحمت است اولی

منیش نوسیومە :

دورە دنیا لەرەحمەتی معبود
خوی وهەرچە لەوا هەیە موجود
غیری هەرچی سعادتی بشرە
وەکو کسبی حلال وذکر وسجود

حدیثی سی ودوهەم

(دم علی الطهارة یوسع علیك الرزق)

یەعنی : دەوام بکە لەسەر پاکونەمیزی رزق وروزیت گوشاد ئەبی . پاکی ئەوەیە انسان لەش وبەرگ وخواردەمەنی وجیگای دانیشتن

نوستنی خوی بپاریزی لەچلک وپیسی ، انسان کە پاك وخاوین بو خەلق خوشیان ئەوی وە کەخەلق خوشیانی ویست هەمو جورە یارمەتی یەکی ئەدەن ، وە لەهەمو کاتیکا دەسی برایەتی بو دریژ ئەکەن ؛ کە وابو گوزەرانی خوش ئەبی وە بەخوشی را ئەبوری . انسانی پاك و خاوین دورە لەنەخوشی وەبەمەش ساغی عمری خوی ئەباتەسەر وە لەژیانیا وەختیکی زوری بو کاسپی کردن ئەبی کەمعلومە ئەمەش سببیکی بەکارە بو خوش گوزەرانی ، زیاد لەمەش انسانی پاك هەمیشە لەشی ساغە وە عقلی ساغیش لەلەشی ساغەوەیە ، انسانیك کەعقلی ساغ وریك بو ، کەبیری کردەوە ریگای راست ئەدوزیتەوە ، وە بەمە ژیانیکی خوشی پر لەکامەرانی بو خوی مسوگەر ئەکا . لەبەر ئەم هەمو دەلیلانەیە پیغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : (النظافة من الایمان) ؛ یەعنی : پاکی بەشیکە لەموسولمانەتی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ای کز آلودگی تو شب و روز
فاقەوفقر تو زیادە شود
بی طهارت مباش تابر تو
روزی تنگ تو گشادە شود

منیش نوسیومە :

زینەتی دینی احمدە پاکی
بدن و منزل و لباس و طعام
بەخبربە ، لەسەر حدیثی صحیح
باعثی دەولەتەو کلیلی مرام

حدیثی سی‌وسه‌هه‌م

(الصبحة تمنع الرزق)

یه‌عنی : خه‌وی سبه‌یان مه‌نعی رزق ئه‌کا .

سبه‌ینی وه‌ختیکی پیروز و به‌ئشأه‌یه ، وه‌ختی ده‌رکه‌وتنی لطف و ره‌حمه‌تی خوایه ، وه‌ختی هاتنی ملائکه‌ی ره‌حمه‌ته بو سه‌رزه‌وی ، که‌وابو زور پیویسته انسان له‌م وه‌خته جوانه‌دا بیداربی ، وه به‌یادی خواوپاررانه‌وه خوی ئاماده بکا بو لطفی خوا ، ئه‌گه‌ر انسان له‌سه‌ر ئه‌م حاله ده‌وای کرد له‌هه‌مو خصوصیکه‌وه ده‌رگای ره‌حمه‌تی خوای لی ئه‌کریته‌وه ، خوئاشکرایه‌ که گوشادی رزق و زوریشی ره‌حمه‌تیکه له ره‌حمه‌تانی خوا ، وه‌ئه‌گه‌ر به‌بی ئاگایی‌و نوستن ئه‌و وه‌خته مناسبه‌ی له‌ناو برد له‌وهه‌مو خیروبه‌ره‌که‌ته بی به‌ش ئه‌بی ، وه‌دیسان له‌جهتی دنیاشه‌وه که ته‌ماشا ئه‌که‌ین زورتر ئه‌سبابی رزق و روزی‌و تازانج وه‌رگرتن له‌کاسبی حلاله‌وه بو خه‌لقی شار پادیهات له‌سبه‌ینی‌دا ده‌ست ئه‌که‌وی ، که انسان له‌و وه‌خته‌دا نوست له‌و تازانجانه بی به‌ش ئه‌بی . هه‌روه‌ها ئه‌و که‌سانه‌که دره‌نگ له‌خه‌و هه‌لئه‌سن له‌شیان ته‌واوساغ نی‌یه ، وه که‌سی که نه‌خوش و ده‌رده‌دار بوکاسبی بی‌نا کری ، وه گوزه‌ران‌ورزقی هه‌ر رو له کزی ئه‌بی .

مه‌ولانای جامی فه‌رمویه‌تی :

ای کرسته‌کسب روزی‌را
صبح خیزی دلیل فیروزی است
بهرخواب صباح چشم مبند
زانکه این خواب مانع روزی است

منیش نوسیومه :

لەسحردا نسیمی رەحمـــەت دی
بو دلو گیانی هـەرکە با خبرە
مـــــەنوە بارزق‌ورحمتت بوی
لەوخوداوە کە خـالقی قـدرە

حدیثی سی‌وچوارەم

(الدَّین شَین الدین)

یەعنی : قەرز وەسیلەی زەدەبونی دیانەتە .

بزانن : قەرز ئەوەندە خرابەی‌لی‌ئەوەشیتەوە کە بەهەررەنگی‌بووە پیویستە انسان خوی لی‌لابدا ، یەکەم ئەمە انسان قەرزی لەهەرکەسی کرد بەمەجبوری نوشی ریاکردن ئەبیت، وەزورجار لەبەردلی ئەوکەسە چاوپوشی لەحق ئەکا ، دوهەم لەبەرچاوی خـەلقا شرفی کەم ئەبی ، وەقدرو اعتباری ئەرروا ، بەتایبەتی ئەگەر خاوەن قەرزەکە بی‌مروت بی‌بەقسەی ناخوش لەدنیادا ئابرروی ئەبا ، بویە ووتویانە : قەرز لەبی مروت تالانی مالو حورمەتە ، سەهەم مادام کەسی عادەتی گرت بەقەرز کردنەوە بەئومیدی ئەوەکە پارەی دەس ئەکەوی جلەوی خوی لەدەس بەرئەبی ، وەخوولەگری بە اسراف و پارەخەرج کردنەوە ، چوارەم کە انسان‌عادەتی‌بەقەرز کردنەوە گرت‌زورجارمەجبوری‌ئەکەن‌بەوەکە(نایز) سودبدا بەخاوەن پارەکە ، وە معلومە سود دانیش وەکو سود کردن گوناهیکی گەورەیە ، پینجەم چونـکە قەرزار هەمیشە داوای پارەی لی‌ئەکەن هەرگیز بەئارەزوی خوی دەستی ناکەویتە کاسبی‌بەوە .

شەشەم قەرزاربەبی ئیذنی خاوەن قەرز هەرسفری بکا حەرامە وەلەو حفرا هەرچی روخصەتە بو موسولمانان وەکو کورت کردنەوە و کوکردنەوەی نویژ (مثلا) بوئەو کەسە دوروست نی‌یە . حەوتەم قەرزکردن زور دەردیکی کاری‌یە بوخوشەویستی ، زور دوستو برابوون بە واسطەی قەرزکردنەوە دلیان لەیەک ئیشاوە ، وەناو بەینیان تیک‌چووە ، بنالەسەرئەمە زور پیویستە تا ممکن ئەبی انسان قەرز نەکا وەهەروەختی قەرزی کرد لەئەندازەی خوی لانەدا، وەبیری دانەوەی بی ، وەتا ئەتوانی زوبیداتەوە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

نکشد بهر مال دنیا رنج
هرکه خواهد کمال بهرهٔ دین
چهره دین مکن بناخن دین
تا نکاهد جمال چهرهٔ دین

منیش نوسیومە :

قەرز بەگویرەی حدیثی پیغەمبەر
واسطەی نقصی حورمەتو دینە
وەکو زەهرەجگەر ئەکا لەت لەت
هوی پەیابوونی عاجزی‌وقینە

حدیثی سی‌وپینجەم

(من حسن اسلام المرء ترکه ما لا یعنیه)

یەعنی : لەجوانی موسولمانەتی انسان‌ئەوەیە واز هینانی لەشتی کە مقصدی نەبی .

ئەگەر موسولمانەتی ئەم پێنج رکنە مشهورەی وەکو شهادت و نوێژو روژو و زکات و حج ئەوە مەعنای ئەم حدیثەوای لێ دیتەوە انسان بابەتەنها ئەوەکە ئەم فرمانانە بەجی بینی بەموسولمان بژمێردری ، بەلام وەختێ موسولمانەتی یەکەی جوانو خاوێنە زیاد لەکردنی ئەوانەیش وازلەشتی بێ سود بینی ، وەخوی خەریک نەکا بەفرمانی غیرە مطلبەوە ، وەئەگەر موسولمانەتی عبارەت بی لەبەجی هاوردنی هەمو ئادای شرعی وەکو کردنی واجب و سنتەکان ، وەدور کەوتنەوە لە حرام و مکروە ئەمجار مەعنای حدیثەکەوایەبا انسانی موسولمان هەمو واجبو سنتی جیبەجی بکا وە وازلەهەمو حرامو مکروهی بینی ، وەختێ موسولمانەتی یەکەی جوانو دیاری یەکە پارێزگاری بێ لەشتی حلالی بێ سود ، چونکا فرمانی حلالیش مادام کە فازانجێکی شرعی تیانەبو لە خەریک بونیا وەختی انسان بەخوررایی ئەفەوتێ ، وەطبیعەتی ئەگورری .

ئەم حدیثە اسلێکی راست و دروستە بو پاک کردنەوەی دەرون لە ئەخلاقی سوک و خراپە ، وەهەمو موسولمانان بانگ ئەکابو ئەوەکە ژیانی خویان تەنهاو بەختیاری دنیا بەکاسبی حلال و رێکخستنی هەرچە بەکەلک بی بو کامەرانی ژیان ، وەبو بەختیاری قیامەت بە بەگوی کردنی فەرمودەکانی خوا صرف بکەن ، وەخویان لادەن لە بەجی هینانی ئارەزوی نەفسانی و حەزی جانەوەرانە وەکو نوستن و خواردن و خواردنەوەی لە ئەندازە بەدەر ، وەخەریک نەبن بەشتی بێ سودەوە وەکو زیادە رەوی لەدامەو شەترەنجو گورانیو فرمانی بێ سودی ترا وەکو قسەی زورو گەررانی ناوەخت بەبازاررو کولانو جادەو دەشتو

دەرا ، ئەم فرمانانە فرضا گوناهیشیان لێ بەیدانەبی خو بە خوورابی وەختێ ئادەمیزاد ئەکوژن مەشهورە پیاری جاری کەوت بەلقمانی حکیم لە مجلسیکا دانیشتبو ئاموزگاری دانیشتووانی مجلسەکەی ئەکرد وەئەوانیش زور بەحورمەت تەماشایان ئەکرد ، پیاوەکە پێیووت ئەی تو خذمتکاری فلان حوزەنەبوی؟ فەرموی بەلێ ، ووتی ئەی بەواسطەی چی یەوە ئەم پایەت دەست کەوت ! فەرموی بەواسطەی سەشتەوە ، یەکەم قضا و قدری خوا ، دوهەم راستی لەقسە کردنا ، سەهەم وازهینان لەشتی بی تازاج .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

تاشود درجهان علمو عمل
شاهد دین توجمال اوزای
زانچەدرخور نباشدت بارای
زانچەلایق نباشدت بازای

منیش نوسیومە :

عمری انسان ژمارەیە بەنفس
ئەوە دەس مایە بو تجارەتی هەکەس
حەیفە ضایع بی بەپوچ و عبس
بو کەسێ کەس بی ئەم ئیشارەیە بەس

حدیثی سی‌وشەشەم

(زر غبا ، تزدد حبا)

یەعنی هەر بەینی نەبەینی برو بو دیدەنی دوست و برات ، تا خوشە ویستیت زیاد ببێ .

له واقعا کەسی بی‌بەوی خوشەویستی لەگەل برادەریکیا زیادبی ، حق‌وایە کەم کەم‌دیدەنی بکات، چونکە ئەگەر کەم کەم دیدەنی کرد هەمو وەختی لەوماوەدا کەلە یەک ئەبرین ئاگری اشتیاق و خوشەویستی هەل ئەگرسی‌وە بەدل گەرمی ئەچی‌دیدەنی ئەکا ، وەبەخوشی‌ئەگەر‌ریتەوە بەلام ئەگەر زور دیدەنی بکا خوشەویستی‌یە کەیان کەم ئەبیتەوە لەبەرچەند دلیل ، یەکەم مادام هەروەختی حەزی کرد چاوی بەوبرایە کەوت ، ئەودوستە لەبەرچاوی بی‌ئەهمیت ئەبی ، وەبەطبیعەت وەکو هاووری‌بیکی عادەنی لەدی مەشهورە : بویە روژ لەهاوینا قدری نی‌یە چونکە هەمیشە دیارە ، وەبویە لەزستانا خوشەویستە چونکە کەم کەم دەرئەکەوی. درهەم لەهات‌و چوو هەلسان و دانیشتنی زورەوە وائەبی چاوی بەکردەوەو رەفتاری نا مناسب ئەکەوی وەئەمە ئەبی بەمایەی ناکوکی‌و دل لەیەک ئیشانیان . سەهەم : لەنیکەلی هەمیشەیی‌یەوە انسان توشی بی‌ئەدەبی ئەبی ، وەبی‌ئەدەبی مهمترین ئەسبابی لەناو چونی خوشەویستی‌یە . چوارەم هەمور وەختی ئەوبرایە وەختی ئەوەی‌نی‌یە برروی بولای، واهە‌ی خەریکی فرمانیکی تایبەتی‌خویەتی، یا حەزی لە تەنهایی و حەسانەوەیە ، حەزناکا بەچاوپیکەوتنی کەس ، وەئەگەر کەسی برروابولای پی‌ی‌ناخوشە ، ئاشکرایە دیدەنی وا لەبی محبەتی زیاتر تارانجیکی لی‌وەرناگیری ، بویە ووتویانە : « عهدو یەعان بەحەیات ، دیدەنی دوست بەسەعات » .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

دیدن دوست دوست راگە‌گە
چهرهٔ دوستی بیارایەد

ز اتفاق دوام صحبتشان
شوق کامل ملال افزاید

منیش نوسیومه :

هەرکەسی حەز ئەکا لەدوست و برا
کەم کەی دیدەنی بکا لێیان
نەک وەرس یان بکا بەدیدەنی زور
بو ئەوەی زیاد بکا محبتیان

حدیثی سی وحەوتەم

(من اعطی للّه ومنع للّه واحب للّه وابغض للّه فقد استکمل ایمانه)

یەعنی : هەرکەس لەبەر خواشت بدا بەخەلق ، وەلەبەر خوا لێیان بگریتەوە ، وەلەبەرخواخەلقی خوش بووی ، وە لەبەر خوارقی لێیان بێ ، ئەوە موسولمانێکی تەواوە .

مثلا ئەگەر کەسی رەفتاری چاک و رەوشتی جوانبو لەبەر ئەوە کەبە گوێرەی شرع ئەجولێتەوە ، انسان یارمەتی بدا ، وەهەر کاتی کەروی کردە رەفتاری خراپ و رەوشتی ناشیرین لەبەر ئەوەکە گوناهایە هیچی نەدانی ، یا خود برادەرێکی بێ تا بەدیانەت و رەوشت بەرز بێ خوشی بووی ، وەهەر کەروی کردە بێ دینی رقی لێی بێ وەوازی لێبینێ ، ئەوە نیشانەی تەواوی ایمانە .

ئەم حدیثە هەمو موسولمانان بانگ ئەکا بو (اخلاص) . اخلاص ئەوەیە انسان هەر فرمانی بکا بەنیاز و خیالێکی باش و دلێکی خاوینەوە ، تەنها لەبەر رەزای خوا بیکا ، نەک لەبەر پیشان دانی بەخەلق ، یا بو ئەوە کەخەلق بیبیسە نەوە ، یا بو ئەوە کەناو بانگ دەرکا وە لەهەمو لایێکەوە .

خەلق دەست بکەن بەمدح و تعریف کردنی، انسان ئەگەر هوش وفامی بێ ئەزانێ ملاحظەی غیری خوا لەعبادەت کردنا بێ عقلیە ، چونکە بشر هەمو وەکو یەك ضعیف ومحتاجن ، وە لەخوا زیاتر لەدەسەلاتی کەسانێ بە لەریگایێکی غەیبیەوە قازانجی یازیانی بگەیێنی بەیەکیکی تر ، وەهەر عبادەتێك بوریا بکری خوا ئەی داتەوەبەناو چـــاوی خاوەنەکەیا .

بەگویرەی حدیث هەرکەس نیازی دلی چون بێ خوا بەگویرەی ئەونیازەی لەگەل یائەجولێتەوە ، حضرت ﷺ فەرمویەتی : (ما أسر عبد سريرة إلا ألبسه الله رداءها ، ان خيراً فخير ، وان شراً فشر) ، خولاصەی مەعناکەی ئەمەیە هەرکەس هەرشتێ لەدلی خویا دابنێ ، خوای تەعالا بەگویرەی ئەوشتە لەگەلیا ئەجولێتەوە ، ئەگەر نیازی چاکێ بوبێ خوا چاکەی بو ئەکا ، وە ئەگەر نیازی خرابەی بوبێ خوا خرابەی لەگەل ئەکا، بنا لەسەر ئەمە پیویستە انسانی موسولمان هەول بدا هەر فرمانێ ئەکا تەنها لەبەر خوا بێ تاخواش لێی قبول بکا ، بعضی لەتیکەیشتوان وتویانە : چوارشت هەن بەچوارشت دەست ناکەون : رەحمی خوا بەعبادەتی ریادەست ناکەوی ، خوشەویست بون لای خەلق بەبەدخویی دەست ناکەوی ، وەفای دوست وبرا بە بێ وەفایی دەست ناکەوی ، علم ومعرفت بەتەمەلی وحەسانەوە دەست ناوکەی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

انکه در حب وبغض ومنع وعطا
نبودش دل بغیر حق مائل
نقد ایمان خویشرا بابد
بر محك قبول حق کامل

منیش نوسیومه :

هەرکەسی حب وبغض ومنع وعطای
خالصە بو خودای عـزوجل
مژدەبێ دینی کامـلە بەخـودا
رەحمی خوای پێ ئەکا لەکاتی اجل

حدیثی سیوهەشتەم

(الجنة تحت أقدام الامهات ، من شئن أدخلنا ومن شئن أخرجنا)

حەزرەت ئەم حدیثەی دەربارەی صحـابی‌یێک فەرمو کە ئەی ویست بچی بو غەزا ، بەلام دایکی نەی ئەهیشت .

مەعنای ئەم حدیثە وایە : بەهەشت بو موسولمانان لەژیر پێی دایکیانایە ، ئارەزویان لەهەرکەس بوئیـذنی ئەدەن بیخەینە لەشکرەوە بوغەزا ، ئارەزوشیان لەهەرکەس نەبو دەری ئەکەین وە نایەلین بچی بوغەزا . ئەم حدیثە هەل‌نانیکی زوری تیایە بو موسولمانان لەسەر بەگوی کردنی دایکیان ، ئەم حدیثە بە ئاشکرا ئەلی : غەزا بەوهەمو ئەهمیەتەوەکە هەیە تانەبی بەفرضی عین- یەعنی تا دوژمن هیرش نەهینیتە سەر ولاتی اسلام - بەبی ئیذنی دایك حەرامە ، ئەمە شتیکی سەیرنی‌یە ، لەواقعا دایك وباوەك حقیان لەسەر مندال زورە ، وە لەپاش ارادەی خوا بەتأثیری باوەك ودایك ، وەبە زەحمەت کیشانی ئەوان پەیدا ئەبی‌و پێ ئەگا ، بەتایبەتی دایك کەزەحمەتیکی زور ئەچـەژی ، نومانگ بەبیـنی سک هـەلی ئەگری کەپەیدا ئەبی مەینەتیکی زوری توش ئەبی ، گەلی جـاریش گیانی خوی دائەنی ، ئەنجا بەدریژایی سالانی

شیرخواردنی تابی گرتنی ، ئەبی بەدیاریەوە شەونەخونی بکیشی وەکە گریا رای ژەنی وشیری بدانیوزیری بکانەوە ، ئەگەر خویشی شیری نەبو مال بەمال بیگیری، ئەبی لەش وبەرگی بشوری وچاودیری بکا ، سەرەرای ئەم هەمو ئیش و ئازارانەش ئەوەندە بەرەحمە ئەگەر مندالە کەی توشی ناساغی ییک بو ، حەسانەوە لەخوی حەرام ئەکا بوخاتری چاودیری ئەو ، لەبەر ئەمەیە جزادانەوەی بەخیری دایک و چاکە لەگەل کردنی زور لەباوک پیویست ترە ، وەکو حسنی بصری فەرمویەتی : (حق الوالد اعظم ، وبر الوالدة اکرم) . یەعنی : حقی باوک گەورە ترە ، بەلام چاکە کردن لەگەل دایکا پیویست ترە .

مەولانای جامی فرمویەتی :

سرزمادر مکش کەتاج شرف
گردی از پای مادران باشد
خاک شوزیر پای آن کە بهشت
در قدمهـــای مادران باشد

منیش نوسیومە :

والدەی خوت لەسەر سەرت دانی
دای مەنی قەت لەمال ومنزل ودەشت
گەر بەخذمەت برررویتە ژیر قدمی
هەرلەویوە ئەرر ویتە باغی بەهەشت

حدیثی سی ونوهەم

(لیس الشدید بالصرعة ، انما الشدید الذی یملک نفسه عند الغضب)

یەعنی : ئازا ئەو کەسە نیەکە خەلق زور بدا بە زەویدا ، ئازا

ئەو کەسەیە کەخوی بگری لەکاتی ررق هەستانا .

بەم چەشنە کەلەکاتی ررق هەستانا بتوانی منعی ررقە کەی بکا ، وە ئەگەر هەر زوری پی هینا خوی بگری لەقسەی ناشیرین و کردەوەی ناررەوا . لیکدراوەتەوە ئەمەکە ررق هەستان زورخوییکی ناشیرینە ، حتی بعضی لەنیگەیشتووان ووتویانە هەرشەرری کەتوشی انسان ئەبی یالە حەزو ئارەزوی نفسەوەیە یالە ررق هەستانەوەیە ، مثلا کوشتن ، بریندار کردن ، جوین دان ، ناشوکری کردن ، طلاق خواردن ، سویندخواردن ئیشاندنی دلی دوست وبرادەر ، وازهینان لەکەس وکار ، وەامثالی ئەمانە ، هەمولەخوی ررق هەستانەوە پەیدائەبن ، وە زور کەس بوون لەوەختی ررق هەستان داگیانیان دەرچووە ، بۆیا لەسەر ئەمەزور پیویستە انسان ئاگای لەخوی بی ، وە هەرچون بووە منعی رق هەستان لەخوی بکا ، وئەگەر بەناچاری ررقی هەستا خوی لەقسەو کردەوەی ناشیرین بپاریزی وەبو ئەمەچەند وەسیلە هەیە ، یەکی لەوانە بیر کردنەوەیە لەگەورەیی خوای تەعالا کەدەستی ئەررۆا لەجزای ئەم ررق هەستان وناشیرین ووتنە دا انسان لەناوبەری ، یەکیکی تریان بیر کردنەوەیە لەاجروثوابی ئەهلی حلم وحەوسەلە ، وە وورد بونەوەیە لەمە ئەگەر خوی رابگری لەوەختی ررق هەستانا خوا جەزای ئەداتەوە ، یەکیکی تر لەوانە دەست نویژ گرتنە ، یەکیکی تر لەوانە ئەوەیە ئەوجیگەیە بەجی بهیلی ، وە بررۆا بو جیگەییکی تر .

بیداری : ررق هەستان وەختی ناشیرینە کەبەناحەق بی ، چونکە ررق هەستان لەسەر حەق زور شتیکی جوان وبەجییە ، حەزرەت ﷺ بەرهەمو حلم وحەوسەلەوەکە بووە زور جار لەسەر اموری

دیانت بە توندی عاجزبووە ، امام احمد خوای لی‌رازی بی فەرمویەتی :
(نهایة الکمال الغضب في موضعه ، والحلم في موضعه) ، یەعنی : ئاخر دەرجەی تەواوی بو انسان ئەوەیە لەجیگاییکدا ررق هەستی کەموناسبی ررق هەستان بی ، وە لەوەختیکا حلمی بی کەمناسبی حلم بی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

پهلوان نیست آنکه درکشتی
پهلوانی دگر بیندازد
پهلوان آن بودکه گاه غضب
نفس امارەرا زبون سازد

منیش نوسیومە :

پالەوانی ئەوە نی‌یە کە بە زور
خەلق زەلیل کەیت ولات‌ومال‌ویران
پالەوانی وەهایە خوت بگری
لەخراپە لەکاتی ررق هەستان

حدیثی چل‌هەمین

(المسلم من سلم المسلمون من یده ولسانه)

یەعنی : موسولمانی تەواو ئەکەسەیەکەموسولمانان لەدەست‌وزوبانی سەلامەت بن .

بەم‌مەعنایە موسولمانی‌تەواو کەسیکە نە بەقسە نە بە کردەوەموسولمانان توشی زیان نەکا ، نەدەس دریژی بکا بومال وگیان‌وناموسیان ،

وەنە لەپاش ملە یەخراپە ناویان بەری وە قسەی خراپیان پی بلی، وە جوینیان پی بدا، وە بوختانیان بو بکا، وە ناوو نـاتورەی ناشیرین یان بو هەلبەستی.

بزانن، پیویستە لەسەر هەمو انسـانی چـاودیری حقوقی خواو هەمو خەلق بکا، وە بزانی کەبەتەنها چـاودیری حقوقی لایەکیان نەجاتی نابی، بەلام لەبەر دوشت لەم حدیثەدا تەنها باسی حقوقی خەلق کراوە، یەکەم چونکە بو ژیانی دنیا چاودیری کردنی حقوقی خەلق مطلب ترە، چونکە ئەگەر انسان لەم دنیادا چاودیری حقوقی خەلق نەکا ناژی، وە دنیـا پر ئەبی لەشەرر و گاژاوە و کوشتن وبررین، کەلەمەش ناشی ببی، بە پیـچەوانەی ئەمەوە ئەگەر چاودیری حقوقی خوانەکا گوناهەکەی تەنها بو خویەتی، وە هەر خوی توشی زیان ئەبی، وە مسئلەکە ئەکەویتە بەینی خوی و خوای خویەوە، خوایش أرحم الراحمینە دورنییەکە لیی ببوری، دوهەم لەبەر ئەمە مادام انسان حالی لەگەل خەلقا باش بوزورنزیکە حالی لەگەل خوای خویشیا باش بی، وە بەگویرەی فەرمودەکانی بجولیتەوە، وەهەرچی پیویستی بەندەگییە جی بەجیی بکا.

مەولانای جامی فەرمویەتی:

مسلم آنکس بود بەقول رسول
گرچه عـامی بود وگر عالم
کەبەهر جـابود مسلـمانی
باشد از قول و فعل او سالم

منيش نوسيومه :

بەصریحی حدیثی پیغەمبەر
ئەو موسولمانە دینی ساغە ، کەوا
لەزوبان ولە دەستی سالم بی
هەرکەسی باوەرری هەیە بەخوا

اللهم اجعلنا من المسلمين الذين يسلم المسلمون من ايديهم والسنتهم ، سبحان ربك رب العزة عما يصفون ، وسلام على المرسلين ، والحمد لله رب العالمين .